# شانۆکاری کورد لە پرۆژەی شانۆی ئەزمونگەریدا

## نیهاد جامی

ئەزموون بەمانای تاقیکردنەوە دێت، تاقیکردنەوەش هەوڵدانە بۆ گۆڕانی شێوەی باو بە دەرەنجامی تازە، ئەوەش ڕازی نەبوونی هونەرمەندی ئەزموونکارە بەهێلی کارکردنی کەسانیتر بۆ ئەوەی نهێنی تازە بدۆزێتەوە، بۆیە ئەزموونگەری لە شانۆدا بونیادەکانی پێشوو دەخاتە نێو سیستمی گۆڕان، کەوابێت ئەو زاراوەیە لە تیۆری (گۆڕان) ی داروینەوە هاتووە.(1)

سەبارەت بە گۆڕان و ئەزموون مارتن ئەسلن پێی وایە "شانۆی ئەزموونگەری داینەمۆی گۆڕانی شانۆیە، گۆڕانیش سرووشتی هەموو شتێکە، لەهەموو بوارێکی هونەریشدا تازەگەری بەتوخمێکی گرنگ و زیندوو ناو دەبرێت" (2) بەڵام نابێ ئەو ووتەیە بمانخاتە خۆشباوەڕی ئاسانکاریی ئەزموون، چونکە ئەوەتە (جیمس ڕۆس ئیفانز) لەو ڕاستیەمان دەگەیەنێت کە ئەزموونگەری شەڕی نادیارە، شەڕێکە ئەنجامەکانی ناڕۆشنن، تەنیا دوای ئەزموونەکە دەتوانین لەدەرەنجامەکانی بدوێین.(3)

مێژووی ئەزموونگەری لە شانۆدا بەدوو قۆناغی سەرەکی و هاودژ تێپەڕیووە، قۆناغی یەکەم لە سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆوە دەست پێدەکات، کە ئەزموونێکە لەبواری دەقی شانۆییەوە وەدەست دێت، هەرچی قۆناغی دووەمە بەهاتنی توانی ئەزموونی هاودژ بەرهەم بێنێت، لەڕێگەی پرۆسەی خەیاڵ و داڕشتنەوەی بونیادەکانی شانۆوە، بۆ ئەوەی وەزیفەی شانۆ لە کاری ئەدەبی جیا بکرێتەوە، ئەو دوو ئەزموونە چەند هاودژی یەکتریش بن، بەڵام ناکرێ بەیەك مانا ئەویتر بسڕینەوە، هێندەی هەیە قۆناغی یەکەم دەبێت بە ژێرخان بۆ قۆناغی دووەم، واتە دەق وەك پرۆسەی نووسین لەکاری ئەدەبیەوە بێتە خزمەت کردەی دەرهێنان، بۆیە کاتێ ئارتۆ هات بانگەشەی بۆ مردنی دەق نەکرد، بەڵکو ویستی شیعریەتی دەق لە شانۆدا دەربخات، ئەو پێودانگە جوانکاریەی کەبەر لەو فەرامۆش کرابوو، هات دەق بخاتە سیستمێکی تازەی خوێندنەوە، بەوەش ئەزموونی هاودژی بۆ شانۆ هێنا، سەرتاپای شانۆی جیهانی تووشی ڕاچەنینێکی لەناکاو کرد، بەوەش ئەو ڕاستیەی دەرخست کە هەموو ئەزموونەکانی پێشوو درێژکراوەی یەکتری بوون و توانای خوڵقاندنی دابڕانیان نیە لەپێش خۆیان، بۆیە ئەمڕۆ شانۆی ئارتۆ بە شانۆی پرسیار دەناسین، چونکە ئەو گومانی لا درووست کردین، گومان پرسیاری ئەوەی لاخوڵقاندووین کە شانۆکەی درێژکراوەی هەوڵەکانی پێش خۆی نیە، ئەوەش وایکرد ئەزموونی ئەو نەبێت بە ئەزموونی نووسین، بەڵکو ئەزموونی دەرهێنان بێت، ئەوەش وەستاندنی مێژووی ئەزموونکاریەتە. بەڕووخاندنی دەسەڵاتی دەق لە شانۆدا، دەسەڵاتی ڕاستەقینەی شانۆ خۆی کەوتە کارکردن، کە ماهیەتی بە جەستەی ئەکتەر بەخشی، ووشەی بە کردەیەکی ناوەکی جەستە گۆڕی، بەوەش هەوڵیدا گۆڕان بەسەر تەواوی پەیوەندیەکانی شانۆدا بێنێ، لەڕووی چێژ و مانا و دەلالەتەوە، تەنانەت شێوەی وەرگرتنی بینەریش لەنێو ئەو زەمەنەی (دیواری چوارەمی) ستانسلافسکی و (تیۆری نامۆبوون) ی برێخت، کە هەردووکیان یەك شێوە بینین گریمان دەکەن، ئارتۆ هات ئەوەشی گۆڕی کە بینین بوو بە پانتاییەکی فراوان کە لە گۆشە و تەختەیەکی دیاریکراو بەند نەکرێتەوە، ئەوەش بووە گۆڕینی چەمکی میتافیزیکی شانۆ، چونکە ئەو

چەمکە بەدرێژایی مێژوو پێی وابوو شانۆ لاسایکردنەوەی ژیانە، کەچی ئەو ئەزموونە ئەوەی ڕاگەیاند کە ژیان بۆخۆی لاسایکردنەوەیە. ئارتۆ بەو کارەی شانۆی بردە نێو تێگەیشتنی فەلسەفی، هەموو ئەوانەی بە کێشە و ململانێی فکری لە شانۆدا ناو دەبران و پێش ئەو خۆیان پێیەوە خەریک کردبوو، ئەو هات فڕێیان داتە دەرەوە، بەواتایەکیتر دەبێ ململانێیە فکریەکان لەنێو فکردا کاری خۆیان بکەن، ئەوەش وایکرد کاریگەریەکی مەزن لەسەر شانۆی هاوچەرخ بەجێ بێلێت، لەلایەک پیتەر بروک بۆماوەی 10 ساڵ لابۆرێکی بۆ تیۆرەکانی کردەوە، لەلایەکیتریش کەسانێک خۆیان نوقمی نێو تیۆرەکانی کرد، تا هەر لەو ڕێگایەش ئەزموونی سەربەخۆیان دامەزراند، دیارترین ئەو ئەزمونانەش (شانۆی زیندووی ئەمریکی) بوو، بۆیە شانۆی ئارتۆ بوو بە ڕێگە خۆشکەرێک تا لەدەرەوەی شانۆ بیرنەکەینەوە، بەڵکو لەناو شانۆ خۆی بیرکردنەوە ئامادەبوونی هەبێت، ئەوەش زانستی نوێی بۆ شانۆ بەرهەم هێنا کە تا ئەمڕۆ ئەو زانستە بە شێوە و تێڕوانینی جیاواز ئامادەبوونی هەیە"ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ زانستێکی شانۆییە بەرەنجامی کارکردنی ئارتۆ بوو کە چەمکی سرووت بنەمایەکی سەرەکی ئەو زانستە پێک دێنێت، پەیوەندی نێوان کولتور و جەستە بابەتێکی کەشف کراوی ئەو زانستەیە"

## ئەزموونگەری لە شانۆی عەرەبیدا (4)

ئەگەرچی سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆ لای عەرەبەکان لەڕێگەی خۆرئاوا بوو، بەڵام بۆخۆیان پێیان وایە سەرەتای مۆرکی ئەزموونکاری ئەوان لای (ئەلفرید فەرەج) ەوە دەست پێدەکات، لەڕووی مامەلەکردن لەگەڵ کەلەپوور، ئەوە بووە دەروازەیەک تا نووسەرانیتریش هەوڵی خوێندنەوەی مێژوو بدەن، ئەوانیش "سەعدوڵلا وەنوس، عادل کازم، مەحمود دیاب، ئەلتەییب ئەلسدیقی، یوسف ئەلعانی" بەڵام بەدەگمەن ڕێک کەوتووە ئەو خوێندنەوەیە بۆ ڕابردوو توانای ئاشکراکردنی نهێنی شاراوەی نێو جەستە و فکری مرۆڤی عەرەبی دابێت، جوانترین نمونە بۆ ئەو ڕابردووە ئەوە بەدوای شکستی حوزەیرانی 1968 کە دۆڕاندنی خەونی کۆمەڵگای عەرەبی بوو، تێکستی (بەسەر شۆستەی نەویستنەوە) ی خانمی بەحرەینی حەمدە خەمیس، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەو نووسینانە لە قۆناغی داهاتوودا توانرا گەشەی پێبدرێت لە ڕووی دەرهێنانی شانۆییەوە، دیارترین شێوازەکانی دەرهێنان لەلای ئەو دەرهێنەرانە دەرکەوتووە (سەعد ئەردەش، کەرەم موتاوع، جەلال ئەلشەرقاوی، نەجیب سرور، مونسف ئەلسویسی، جەلال خوری، عەبدولکەریم برشید) بەڵام ئەگەر بپرسین ئایا شانۆی عەرەبی خاوەنی مۆرکێکی ئەزموونگەری سەربەخۆ و خاوەنی ئەزموونی هاودژە؟ ئەوە دەبێ دڵنیابین کە ئەزموونگەری عەرەبی نەیتوانیووە لە سنوری عەرەبی بوونەوە بپەڕێتەوە بۆ دەرەوەی نەخشەی وولاتانی عەرەبی، بۆیە نوێگەری عەرەبی خاوەن شوناسێکی سەربەخۆ نیە، چونکە بەیەکداچوونێکی ڕوون لەگەڵ شانۆی خۆرئاوا دەبینین.

شانۆکارانی عەرەب ڕاستەوخۆ هەست بە نەبوونی شوناس لەشانۆکەیان دەکەن، لەدیدارێکدا دەرهێنەری تونسی (مونسف ئەلسوەیسی) زۆر ڕاستگۆیانە دانی پیاناوە (5) هەربۆیە چەمکی ئەزموونگەری لای ئەوان سنورێکی دیاریکراوی هەیە لەڕووی ماناوە، ئەوەتە هەردوو شانۆکار (مەمدوح عدوان) ی نووسەری سوری و (قاسم محەمەد) ی دەرهێنەری عیراقی لەسەر ئەو پێناسە هاوڕان کە "ئەزموونگەری لەشانۆی عەرەبی هەوڵدانێکە بۆ ڕەسەنایەتی دیاردەی شانۆ لەویژدانی بینەر" (6) ئەگەرچی ئەو بۆچوونە لەگەڵ تێڕوانینەکانی

نووسەری سوری (فەرحان بولبول) یەك ناگرێتەوە كە پێی وایە نائومێدبوون لەو "واقیعە كۆمەڵایەتی و سیاسیەی عەرەب درامای عەرەبی بەسەریدا سەپاوە كە پێویستیەكە لەسەری تاشێواز و ئامانجە كۆنەكانی بگۆڕێت بۆ ڕووبەرووبونەوەی گۆڕانكاریە نوێیەكان" (7) بەوەش دەیانەوێ لەو سنورە داخراوە دەرچن بۆ چەمكێكی گشتگیری فراوان، ئەوەش داننانە بەگەمەیەكی بێهودەیی ساتەوەختی كەناونراوە هەوڵی نوێ.

## ئەزموونگەری لە شانۆی عیراقیدا

شانۆی عیراقی لە كۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە سەریهەڵداوە، درەنگ بە مۆركی ئەزموونكاری ئاشنا بووە، بۆیە ئەزموونەكانی شانۆكاری عیراقی لەگەڵ كۆتایی سەدەی بیستەمیشدا نەیتوانی ببێ بە خاوەنی گوتارێكی تایبەتمەند، لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێ قۆناغەكانی ئەو ڕەوتە بۆ سێ قۆناغ پۆلین بكەین (8) قۆناغی یەكەم لە (حەقی ئەلشیبلی) یەوە دەست پێدەكات كە بە (نەوەی دامەزراندنی شانۆی عیراقی) ناو دەبرێت، لەو قۆناغەدا هەوڵ دراوە شانۆ بەپێی چەمكە ئەكادیمیەكەی نمایش بكرێت، ئەوەش پەیوەندی بە چەمكی مەعریفی ئەزموونگەریەوە نیە، بەڵكو پیادەكردنی سیستمێكە بۆ شانۆ، نمایشەكانی ئەو قۆناغە توانیان ژێرخانێك بچەسپێنن لەڕێگەی كۆمەڵێك هەوڵی دیكە لەوانە ئەزموونی (ئیبراهیم جەلال) ئەو كارانەش ئەزموونكردن بوو لە چوارچێوەی ئەزموونەكانی ستانسلافسكی، ئەگەرچی تا (جاسم ئەلعبودی) نەگەڕایەوە عیراق ستانسلافسكی وەك تیۆر و پراكتیك نەناسرا. (9)

ئەوەش زیاتر دڵنیامان دەكات كە قۆناغی نەوەی دامەزراندن بریتی بوو لە كاركردن لەنێو پرۆژە ئەزموونەكانی ستانسلافسكی، چونكە بە هاتنی (بەدری حەسوون فەرید) یش ئەو شێوازە تەواو ڕەگی داكووتاو، بەوەش یەكەم بەردی بناغە بۆ نەوەی دامەزراندن لە شانۆی عیراقی دانرا، كە بووە هۆی لەدایكبوونی قۆناغێكی نوێ كە قۆناغی (بنیاتی دامەزراندن) ە، دیارترین دەرهێنەرەكانی ئەو قۆناغە بریتین لە (قاسم محەمەد، سەلاح ئەلقەسەب، عەونی كەرومی، عەقیل مەهدی، سامی عەبدولحەمید، فازل ئەلسودانی، سەلیم ئەلجەزائری، جەواد ئەلئەسەدی) هەندێ لە دەرهێنەران هەوڵیاندا بۆ نووسینی دەقی شانۆیی، بۆئەوەی خۆیان نووسەری شانۆگەریەكانیشیان بن لەوانە (سەعدون ئەلعوبەیدی، عادل كازم) دیارە لەو نێوەندە نابێت ناوی یوسف ئەلعانی لە نووسینی دەقی شانۆیی فەرامۆش بكرێت.

ئەم قۆناغە ویستی شانۆ لەنێو سیستمی نمایشەوە بەرەو كەشفكردن كار بكات، بەڵام جگە لە ئەزموونی (سەلاح ئەلقەسەب) ئەزموونەكان تیۆریزە نەكراون، هێندەی گیانی سەركێشی پاڵنەریان بووە، لەو قۆناغەدا (قاسم محەمەد) ویستی لەسەر كەلەپوور كاربكات، بەوەش خوازیاری ئەوەیە ناسنامەی نەتەوەیی بخاتە نێو نمایشەوە، كە پێش ئەو شانۆكاری مەغریبی ئەلتەییب ئەلسدیقی ئەو ئەزموونەی ئەنجام دابوو، ئەو شێوەیە هەرچەندە مۆركی ئەزموونكاری پێوەیە، بەڵام ڕەخنەگری شانۆیی (یاسین ئەلنەسیر) پێی وایە قاسم محەمەد نەیتوانیووە لەسەرجەم ئەو هەوڵانەی سەركەوتوو بێت بەتایبەت لە (هەبوو.. نەبوو) (10) دیارترین ئەزموونی ئەو قۆناغەش ئەزموونی شانۆی وێنەیی (د.سەلاح ئەلقەسەب) ە، كە دەیەوێ لەنێو بونیادی سایكۆلۆژی لای ستانسلافسكی و بونیادی سرووتئامێز و فەلسەفی ئارتۆ وێنەی شانۆیی بنیات بنێت، سەرلەنوێ ماناكان لەنێو چەمكی فەلسەفی ئاڵۆز دابڕێژێتەوە، ئەوەش داڕشتنەوەی پانتایی شانۆیە لەڕێگەی كۆمەڵە موفرەدەیەكی لە

چەشنی (چەتر و قوماش و جانتا و ئامێری مۆسیقی و تەلەفۆنی تەلیچڕاو) بۆ ئەوەش دەیەوێ شانۆ لەهەموو ئەو پەیوەندیانە داماڵێت کە پێشتر چێژێکی دیاریکراو پەیوەندیەکانی دەست نیشان دەکرد.

هەریەك لەو شانۆکارانەی ئاماژەمان بۆ کرد ڕۆڵێکی دیاریان لەو مۆرکە ئەزمونکاریەی شانۆی عیراقی بینیووە، لەگەڵ ئەوەی ئەزمونکارانی ئەو قۆناغە بەردەوامن، بەلأم دوا نەوەی ئەزمونکاری کە قۆناغی سێیەمن ئەوانیش (ئەزموونکارە نوێیەکانن) کە دەرکەوتنیان بۆ چارەگە سەدەیەك دەگەڕێتەوە، نەوەیەکن لەنێوان هەردوو جەنگی (عیراق و ئێران) و (عیراق و کوێت) کاریان کردووە، هەربۆیە چەمکی جەنگ لەنمایشەکانیاندا بەڕوونی دەردەکەوێ، یا لەو دەقانە نزیك دەبنەوە کە گیانی بێزاری و تووڕەبوونیان لەخۆ گرتووە، دیارترین ئەزموونی ئەو قۆناغە لەلای (عەزیز خەیوون) لە ئەزمونەکانی (گوڵەکان بۆکێ، ئەگەر، بەخێرهاتی ئەی دڵنیایی) کە نائومێدیەکانی مرۆڤی عیراقی تیا دەرخستووە، لەپچڕانی پەیوەندیە کۆمەلأیەتیەکان و تەسککردنەوەی بوارەکە بۆ هەناسەدان، نمایشی (چیرۆکی خۆشەویستی هاوچەرخ) ی هانی هانی وێنەیەکی ڕاستگۆی ئەو کۆمەڵگاییە، ئەوە لەپاڵ هەوڵەکانی (ناجی عەبدولئەمیر، شەفیق ئەلمەهدی، حەیدەر مونعەسر، حەکیم جاسم، کازم ئەلنەسار) و کۆمەڵێك نووسەری شانۆیی دیار کە وێنەیەکی گەشاوەتریان بەو قۆناغە بەخشیووە ئەوانیش (فەلاح شاکر، عەلی حوسێن، یوسف ئەلسائیغ، خەزعەل ئەلماجیدی، عەبدولستار ناسر)

## شانۆکاری کورد لەهەزارەی سێیەمدا

بەکۆتایی هاتنی سەدەی بیستەم شانۆکاری کورد نەیتوانی گوتارێکی تایبەت بە کارکردنی خۆی دابمەزرێنێ، بۆیە پرۆژەی شانۆی ئەزموونگەری کوردی و شانۆی ئاهەنگسازی و ڕەسەنی کوردی بە پرۆژەی ناکامل مانەوە و توانای گۆڕینیان نەبوو، گۆڕین بەو مانایەی خاسیەتە تایبەت و سەربەخۆکانی ئەو ئەزموونە نەیتوانی بەتەواوی دەربکەوێت، ئەوەش بۆ تەمەنی قۆناغی ئەزموونگەری و هاتنی سەدەیەکی نوێ دەگەڕێتەوە، ئەوەش ئەو پرسیارەی هێنایە پێشەوە کە: ئایا لەکۆتایی هاتنی سەدەیەك و چوونە نێو سەدەیەکی ترەوە، شانۆکاری کورد بەهەمان ڕێڕەو خەریکی هەوڵەکانی بێت، لەکاتێکدا ئەوە بۆهەموومان ڕوون بۆوە کە پرۆژەی ڕەسەنایەتی لەنێو وون بوونی خوێندنەوە تووشی شکست هات، هەر هەوڵێکیش بدرێ هەمان فاکتەر نمایش دەکەنەوە، چونکە ئەزموونی ئاهەنگسازی باشترین دەرفەت بوو کە بەفۆڕمێکی تازەوە گۆڕان بخوڵقێنن، بەلأم چونکە ژێرخانێکی ڕۆشنبیری نەبوو، بۆیە فاکتەرەکان خۆیان نمایش کردەوە. لەبەر ئەوەی وەهمی ڕەسەنایەتی (11) چوارچێوەی کارکردنی ئەوانی داگیر کردبوو، ئەوەش بۆ پرسیاری ئەزموونێکی تازە نەبوو، بەڵکو پرۆژەیەك بوو بۆ زیندوو کردنەوەی وەهمی گوتاری مانەوەی ئەو شانۆکارانە، ئەوەش سەرەتایەك بوو بۆ ئامادە نەبوونی پرۆژەی بنیاتنان، بەڵکو زەمەنی ئامادەبووی مەرگ شوێنێکی لەنێو گۆڕستانەکانی مێژوو بۆخۆی داگیر کردبوو، بۆیە ڕەسەنایەتی ئەو وەهمە هەڵخەڵەتێنەرە بوو کە دەرگای هەموو پرسیارەکانی داخست، بیرکردنەوەی خستە ئەو دیو دیوارەکانی تاریکیەوە، ئەوەش ئاراستەی گوتارێك بوو بەدرێژایی سەدەی بیستەم زەمەنی کارکردنی شانۆکاری کوردی کردووە بە (زەمەنی فۆبیا-تۆقین) نەك تەنیا بۆ ئەوان تەنانەت بۆ ئەزموونکارەکانیش، چونکە ڕەوتی ئەزموونکاریەت پرۆژەی نوێگەری و داهێنانی گرتبووە خۆی وەك لە درووشمەکانەوە دەیانویست کاری بۆ بکەن، بۆیە زیاتر پێ لەسەر تێڕوانینە ئەزموونکاریەکان دادەگرین.

نەنگی نیە ئەگەر ئەزموونکارەکانی شانۆی کوردی نەیان توایبێت خۆیان لە کاریگەری ئەزموونەکان جیا بکەنەوە، چونکە لایەنێك بەرپرس نیە، بەڵکو کێشەی هەموانە، ئەوەتا گوتاری کەلەپوور لەبەردەم جیهانگەرایی تووشی شکست هات و گۆڕانکاریەکانی جیهان (گوتاری مانەوە) یان لیٚ سەراوژێر کرد بۆ (گوتاری هاودژ)، چونکە بەر لە کۆتایی هاتنی ئەو سەدەیە ئەوەمان بۆ یەکلابۆوە کە شوناسی ڕوشنبیری لە سنورێکی بەرتەسك نەمایەوە، کاریگەرترین وێنەش کە کۆمەڵگای کوردی ڕاستەوخۆ بەخۆیەوە بینی سەتەلایت و کۆمپیوتەر بوو لەناو ماڵەکانماندا، بەوەش شانۆ لە دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی نەتەوەیی گوازرایەوە بۆ کردەی هونەرێکی جیهانگەرایی، جارێك کەمێك ئەو باسە دوا دەخەین، دەگەڕێینەوە سەر پرۆژەی دامەزراندن، کە لە بەرامبەر ڕەسەنایەتی هەڕەمی شانۆی ئەزموونگەری کوردی هەبوو، دیارە ئەو ناونانەی گوایە بە هەردوو نمایشی (لە چاوەڕوانی سیامەند) و (ئەوەل سەحەرە) شانۆی ئەزموونگەری کوردی لەگەڵ کەلەپوور ئاشت بۆتەوە، زیاد لەوەش دەوترێت گوایە ئەو گەڕانەوەیە لەژێر کاریگەری شانۆی ئاهەنگسازی کوردیەوە بووە، بەمانای ئەوەی ئەوان پاشگەز بوونەتەوە، ئەوە ئاشت بوونەوە نەبوو لەتەك کەلەپوور، بەڵکو تێگەیشتنی جیاواز بوو لەتەك چەمکی ڕەسەن بەوەی ڕەسەنایەتی بۆ ئەوان کورت کردنەوە نەبووە بۆ دیمەنی مۆزەخانە هێندەی خولقاندنەوە بووە، بەمانای ڕەسەنایەتی گەڕان و پشکنینێکی کولتوریە نەك نمایشکردنەوەی فۆلکلۆر، "ڕەسەنایەتی هەرگیز قالبکاری لەخۆناگریٚ، بەڵکو هەمیشە لە گۆڕانی بەردەوامدایە لەبواری هاوچەرخێتیەوە، چوونە قۆزاخە و دەرگا لەسەر خۆ داخستنیش دەبێتە هۆی جۆرە ڕووکەشی و لەقالبدانێك، کەواتە هەر لێرەوە دەبێت توانای ئەوەمان هەبێت کە سوود لە هەموو لایەنەکانی پێشکەوتن و بەرەو پێشەوە چوون وەربگرین نەك تەنیا پشت بەستن بە ڕابردووەوە، چونکە مەرج نیە ئەوەی لە ڕابردوودا ڕووی دابێت پیرۆزە و شایەنی ژیان و بەردەوام بوونی هەیە" (12) بۆیە لە بێزار بوون لە ڕەسەنایەتی و مانا کۆنکرێتیەکانی، ئەزموونگەری وەك گوتاری بەرامبەر کاری کردووە، لەوەش ویستویەتی لەدەرەوەی ئەو مانایە کار بکات، کە (تەبا) کان نەگۆڕبن، بەڵکو دەیەویٚ (ناتەبا) لەشوێنیدا دابنیٚ، بەوەش سنوری ئەو دوو دەستەواژەیە سنورێکی بەرتەسکی نێو ئەو ڕەوتە دەمێنێتەوە، چونکە نابیٚ بە خاوەنی گوتاری تایبەتمەند، بەقەد ئەوەی بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕیٚ بۆ ڕزگاربوون (13) چونکە هەموو ئەو چاوگانەی ئەو دەیهێنێتە نێو ئەو پانتاییەوە لەشانۆی جیهانیدا بۆشاییەکی دیاریان لە شانۆی هاوچەرخ داگیر کردووە، ئەو دێت بە وەرگرتنیان دەیەویٚ لەو چوار چێوەیە گۆڕینێك بێنێتە کایەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا گۆڕان ڕوویدا؟

ڕزگاربوون لەمانا نۆستالۆژیەکانی ڕەسەنایەتی هەوڵدانێکی هۆشمەندانەیە بۆ ڕێگەدان بە شێوە و ئەزموونیتر کە تا ساتەوەختی ئەزموونکارەکان لەناو یەك واتا دەسوڕانەوە کە (چی دەڵێین) ی نمایش بوو، بۆیە ئەزموونگەری ئەو دەستەواژە تەبا و سواوەی گۆڕی بە پرسیار، چونکە لای مەبەستە کە دەبیٚ چی بکەین لە شانۆدا؟

ئەو پرسیارە دەرگای لەزۆر ئەزموونی شانۆیی کردەوە کە ویستی سنوری دەقی شانۆیی پیٚ ببەزینیٚ، بەوەی لە پانتاییەکی ناتەبادا کۆمەڵە مانای تازە بدۆزێتەوە، ئەوەش کاری شانۆکارە ئەزموونکارەکانی لەڕازیبوون بە ماناکانی نووسەر گۆڕی بۆ دۆزینەوەی مانای نەووتراو، بەوەش زەمەنی دەرهێنەر گۆڕاو، هەوڵیدا ڕازی بوون ڕەتبکاتەوە و دەرگای هزری ئاوەڵا بکات، ئەوەش یەکێکە لە خاڵە سەرکەوتووەکانی ئەزموونکارانی شانۆیمان

كە بوو بە ژێر خان بۆ ئەزموونی هاودژ، ئەگەرچی لەو قۆناغە نەیتوانی ئەزموونی هاودژ بەرهەم بێنێت، بەڵکو دەرگایەکی کردەوە بۆ ئەزموونەکانی دوای خۆی، کپ بوونەوەی هەوڵەکانی دوای ئەوان بەهۆی ڕاپەرینی بەهاری نەوەت و یەك ، کۆمەڵێك هۆکاری ئابوری و کۆمەلأیەتی و دەروونی هەبوو، کە کەسانێك بە کۆتایی ئەزموونگەری لە شانۆ ناوی دەبەن، بەلأم هۆکاری ڕاستەقینەی چیە؟ ئازادبوونی کۆمەڵگا لەسایەی هەر شۆڕشێکدا، کۆمەڵێك بونیادی تازە دێنێتە نێو کۆمەڵگا، کۆمەڵێك بونیادی تریش پەك دەخات (14)

ئەوانەی ویستیان بەهەمان ئارایشتی میکاڤیلیانە سیمای چرچ بوویان لەو بۆیە خۆڵەمێشیە بسڕنەوە و جارێکی دی ڕەنگی بکەنەوە تا بێنەوە سەر شانۆ، هەڵبەتە بەو کارەش ئاستێکی لاوازیان لە ڕەوتی شانۆ نیشاندا، بەهۆی ئەو حالەتە دەروونیەی کۆمەڵگا ناتەبا بوون فڕێ درایە نێو دەرەوەی هزر، ئەوەش بۆخۆی وەستانێکی کورتخایەن بوو، ئەوانی بونیادی ئەزموونکاریان لە جەستەی شانۆ بە دوژمنی خۆیان دەزانی، مردنی ئەو بونیادەیان ڕادەگەیاند و خۆشیان دەهاتن لەسەر بونیادی مردووی ڕەسەنایەتی و سۆزداری ڕاپەرین کاریان کردو دوور لەهەر چەمکێکی هونەری بەرهەمەکانیان دەرخست، بەوەش دەیانویست دەسخەرۆمان بکەن، بەوەی ئازادی دەبێ هێما و ئاماژە نەهێڵێ و دیموکراسی پرۆژەیەکە.. چیمان دەوێ لەشانۆدا بەڕەوانی بیگەیەنین، ئەوان بیریان لەوە نەکردەوە.. کە بەدوای ڕاپەرین بەرەو سەدەیەك دەچین کە جێگای ئاسوودەیی نیە بەو شانۆیە بچینە ناویەوە، بەڵکو ئێستاش بیرناکەنەوە و خۆشیان پێ گەورەیە و ناوی ڕەسەن و هونەرمەندی گەورە لەخۆیان دەنێن، شانۆکەشیان بووە بە ڕادیۆیەك و هەر هاواری ئەکتەرە دەنگ قلمیچەکان دەبیستین.. گوێمان لەقیژە دەبێ و هیچ نابینین، لەگەڵ چەپڵەی خۆیان دەپرسین ئەوە شانۆ بوو؟ بەو شانۆیە و ئەو ئاستەوە هاتنە نێو سەدەی تازەوە؟

ئەوەی دەبێ بە پرسیار لای هەر شانۆکارێکی بە ئاگا ئەوەیە، چۆن شانۆکاری کورد دێتە نێو ئەو گۆڕانکاریانەی جیهان؟ ئایا بەردەوامبوون لەسەر هەمان گوتاری وەرگیراوی پێشووی بەردەوام دەبێ؟ بۆیە ئەو دەبێ بەدوای ئەو پەیوەندیانە بگەڕێت کە پرسیاری مرۆڤی کۆمەڵگای تێدا حەشار دراوە، ئەوەش لە پرسیاری سادەوە دەبێ بازداتە سەر پرسیاری فەلسەفی و گۆڕینی زەمەنی بیرکردنەوەی شانۆکارە، کە بۆخۆی تووشی دابڕانێکی فکری گەورە دێت، بەوەی ناتوانێ لەسەر هەنگاوە لەسەرخۆکانی بەردەوام بێت، دەبێ لە تێڕوانینێك بۆ ئەو مێژووە.. پەیوەندیەك لەگەڵ تێڕوانینە فکری و فەلسەفیەکانی جیهاندا درووست بکات، ئەو گۆڕانکاریانەی سەراپای گەردوونی گرتەوە و زانستەکانی لەناو بازنەی مەعریفەی ڕەخنەیی کۆکردەوە، شانۆ ویستی لەو گۆڕانکاریانە سوودمەند بێت، ئەگەر ئەو گۆڕانکاریە تیۆریە لە سەدەی بیستەمدا بە شانۆ ئاشکرا کرا بێت و ئێمە لێی بێئاگابین، ئەوە بە کتێبەکەی فۆکۆیاما دەبێ بیکەین بە مەترسی لەبەردەم شانۆدا، نەك بەوەی ئەوە نووسینێکی فەلسەفیە، بەڵکو لەترسی شەپۆلی تەکنەلۆژی و سەدەی تازە و سەدەی ماڵوێرانی، داریوش ووتەنی "ساڵی ڕووخان ساڵی دابڕان ساڵی ڕاکردن و چاوەڕوانی، وەرزی پشکوتنی ئاسن ساڵی ڕەشی دووهەزار"

بۆیە ئەوەی دەبێتە جێگەی پرسیار ئەوەیە، لەم سەدە تازەیەدا شانۆکاری کورد میکانیزمی کارکردنی چیە کە گوتاری مانەوەی پێ بگۆڕێت؟ ئایا درێژە بە هەوڵەکان دەدەین، یاخود لەجیهانێکیترەوە کار دەکەین ؟ ئەو پرسیارە بۆخۆی دەمانهێنێتە نێو باسێکی قووڵ، بۆئەوەی هەوڵەکانی پێشوو ببێتە دەروازە و ڕێگا خۆشکەرێك

بۆ (ئێستا) مان، کەواتە پڕۆژەی ڕەسەنایەتی و ئەزموونگەری تەنیا دوو ڕێگای نیشاندان بوون بۆ کارکردن، تا بەر لە کۆتایی سەدەی بیستەم میکانیزمی کارکردن بدۆزینەوە، کاتی ئەوە هاتووە بۆ جیهانگەرایی ئەو گوتارە کار بکەین، تاوەکو شانۆ لەنێو گۆڕانە تەکنەلۆژیەکان نەبێتە هونەرێکی مردوو، چونکە شانۆ لەکاتێکی وادا دەکەوێتە دووریانی مردن وەك پڕۆژە و ڕزگارکردن لەو پڕۆژەیە، بێگومان بێدەنگبوون بۆخۆی مردنێکی ڕاستەوخۆیە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ شانۆکاری کورد خۆی لێ بێدەنگ کردووە، بە پاشەکشەی ڕەسەنایەتی کۆتایی بەهەموو ڕێگاکانی هێناوە، کەچی لەناوەوەدا تووشی داڕزان و مردن هاتووە، پڕۆژەی ڕزگاربوون لە مردن چیە؟ چۆن مردن دەگوازینەوە بۆ ژیان؟ ئایا کۆتایی مێژوو کۆتایی شانۆ بوو؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە دەمانهێنێتە نێو باسێکی فکریەوە، بەوەی مێژوو لەدەسەلاتی قەدەری خۆیدا چۆن بونیادەکانی شانۆی ئێمەی لەنێو خانەکانی گەشەکردندا ووشك کردووە؟ بۆیە گواستنەوەی مردن و وێناکردنی (وێنەی ژیان) لەبڕی ئەو زیندووکردنەوە و گەشەکردنی بونیادێکی تازەیە بۆنێو ئەو خانەیەی نەزۆك بووە و دەمانەوێ بکەوێتە گەشە کردن و چیتر بێئیرادە نەبێ تا تووشی ئیفلیجبوون بێت، ئەوەش پێویستیەکی نێو هەر شانۆیەکە، کە بیەوێ درێژە بەخۆی بدات، بەتایبەتی بۆ ئێمە کە لەنێو شکستی بونیادەکانی شانۆکارداین نەك شانۆ خۆی، چونکە لەناوەوەی کردەی شانۆکارەوە سەیری شانۆمان کردووە و نەمان توانیووە ئەندێشەکانی شانۆ بکەینە خەمی خۆمان و لەتەك بونیادەکانی.. شانۆمان بە بەتاڵی هێشتەوە، ئەوەش بووە مایەی ئەوەی کە ئێستا دەبینین، چونکە لەبڕی ئەوەی ئەزموونی بەرز بخوڵقێنین، ویستمان شانۆ وەڵامی پرسیارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانمان بداتەوە، کەواتە بۆخۆمان ویستومانە یەکەی زیندووی شانۆ بکوژین، بەوەی پرسیارمان ئاراستە نەکات، بەڵکو وەڵامی حازر بەدەستمان پێ بدات، بەو ناوەی دەبێ شانۆ قوتابخانە بێت و ئامۆژگاریمان بکات، ئەو کارەش بە زیانی بونیادە ناوەکیەکانی شانۆ کەوتەوە، سەرباری ئەوەی دەسەلات لە کۆمەڵگای سەرکوتکراودا هەر هێندە شانۆی دەوێت تا لەخزمەتی دەسەلاتدا بێت، هەر کاتێك لەبەرژەوەندی ئەویشدا نەبوو، یاخود کاری پێ نەما ئەوە پشت دەکاتە ئەو دامەزراوە، چونکە مەترسی ئەوەی لێ دەبێت کە بۆخۆی ببێ بە دەسەلاتێکی ڕۆشنبیری سەربەخۆ و ئەمجارە بەهەمان بڵندگۆی ڕاگەیاندنی ئەو هاتبوو، دەسەلات بخاتە ژێر کۆنترۆڵ و ڕەخنەوە، بۆیە لە ڕق و هەڵچووندا داوای ئەوە ناکەین کە شانۆ بکەین بە کێشەی دەسەلات، چونکە ئەوە زیاتر کێشەیەکی فکریە لەوەی شانۆیی بێت، شانۆی ئێمە شانۆیەك نەبووە هەڵگری فکرێك بێت، بۆیە پێویستە وەك هەنگاوی سەرەتا شانۆ بناسین، چونکە ئەوەی ناسیومانە شانۆ نەبووە، بەڵکو ڕازیکردنی کەسانێك بووە، بۆیە پێویستە بزانین وەزیفەی شانۆ چیە؟ ئەوە ئەو پرسیارە ساکارە بوو کە شانۆکاری کورد خۆی پێ دەسخەرۆ دەکات، بەڵام ئەگەر ئەو پرسیارەمان لەنێو چاوگەی ڕۆشنبیری شانۆیی وەڵام بدابایەوە، شانۆمان وەك هونەرێك سەیر بکردبا، نەك بە شوێنی ئایدیۆلۆژیا، ئەوسا دەمانتوانی پرسیارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیش بخەینە نێو شانۆوە تا وەڵامەکان لە پڕۆسەی بە شانۆکردن بگۆڕین بۆ پرسیار، بەڵام ئێمە هاتووین ڕاستەوخۆ پرسیاری ڕۆژئاگەریمان گواستۆتەوە سەر شانۆ، چیمان کرد لەو کارەدا؟ وەڵاممان گەورە کرد و پرسیارمان کوشت، کوشتنی پرسیار کوشتنی شانۆیە، چونکە بە کوشتنی پرسیار ئێمە دەچینە نێو سەدەیەك کە جگە لە ئەکتەرێکی پیری ماندووی سەر شانۆی لە چەشنی کارەکتەری (ڤاسیلی) گۆرانی چایکای چیخۆف هیچی تر نین، هۆیەکەش ئەوەیە سەتەلایت لەنێو ماڵەکانماندایە، بەوەش بینەر لە شانۆدا دوورە پەرێز دەبێت، چونکە

هەستی هونەری بینەری کوردی بۆ هۆڵی شانۆ نەیهێناوە، بەڵکو شکستی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان خزاندویەیتە هۆڵی شانۆوە، لە ڕۆژگارێکدا کە تامەزرۆ بوو لەناو هۆڵەکاندا خۆی بەتاڵ بکاتەوە، لەڕووی پەیوەندیە خودی وکێشە ڕامیاریەکان، بە ئازادبوونی لە ڕاپەرین ئەو کێشە سیاسیە نەیهێنایەوە نێو هۆڵەکان، چونکە پێویستی پێی نەما و ئەوەی بۆی هات ئەندێشە خودیەکان بوو، بۆ ئەوەی وێنەکانی عەشق و گرفتەکانی خێزانی بۆ چارەسەر بکات، ئەوەش زۆری نەبرد و لەگەڵ هاتنی سەتەلایت بۆ نێو ماڵ و بازار و گازینۆ و دوکان و فەرمانگە، ئەویش پێویستی بە هۆڵی شانۆ نەما، چونکە ئەمجارەیان لەبری ئەوەی بەدوای شانۆگەریەکی کۆمیدیدا بگەڕێت، ئەوە شانۆی کۆمیدی دەچێتە ناو ماڵیەوە، لەبری ئەوەی ئەکتەرێك بەزۆر ختوکەی بدات، سەیری شانۆگەریەکی عادل ئیمام دەکات، تەنانەت کەسێك ئارەزوو لە شاکارەکانی شکسپیر بکات، ئەوە بەهۆی ئەو ئامێرەوە سەیری دوا ئەزموونی دەرهێنەرێك دەکات لە شالیر یا هاملێت.

ئەوەش بەهۆی ئەو تێگەیشتنە لەلای درووست بووە کە دەرهێنەری کورد خوێندنەوەی بۆ دەق نیە، کە بەرهەمی جوانیش لەنێو ماڵەکەی خۆی ببینێ.. ئەوا پێویستی بەنێو هۆڵی شانۆ نیە، بۆیە پێویستە شانۆکاری کورد لەو سەدە تازەیەدا هەوڵی خوڵقاندن و بنیاتنان بدات لەڕێگەی وێرانکردنی سیستمی پێشوو، بەوەی کارێکی تازە دەربخات و تیایدا هەوڵی دۆزینەوەی پرسیارەکانی خۆی بدات، پرسیارەکانی خۆی نەکوژێت، تەسلیمی دەسەلآتی ووشە نەبێت، واتە ئەو واز لەپرسیارەکانی خۆی نەهێنێ لەپێناو پرسیارە فەلسەفیەکەی هاملێت، بەڵکو هەوڵ بدات پرسیارەکانی خۆی لەنێو هاملێتدا بدۆزێتەوە و مانایەکیتر بۆ پرسیارەکان بخوڵقێنێ، کە وەرگر درکی بەو پرسیارانە نەکردووە، بەوەش شانۆی ئەو سەدەیە دەبێ بە شانۆی پرسیار، بە پرسیار لە شانۆدا، وەرگر ئەرکی شانۆی لەو سەدەیە بۆ ئاشکرا دەبێ، ئەوسا جیا دەبێتەوە لە تەسلیم بوون بە گریمانەی خوێندنەوەی دەق، وەرگریش ناچار دەکات بە ئاگاییەوە ڕووبکاتە هۆڵی شانۆ و لە خۆ ئامادە کردندا بێت بۆ بەریەککەوتنی پرسیارەکانی (نمایش/ وەرگر).

ئەوسا ئەو بەدوای ڕەهەندی قووڵی مانا بگەڕێ، ئەوەش وای لێدەکات بزانێ کاری شانۆ چیە کە کارێکە وەك سینەما و تەلەڤزیۆن تەسلیمی شەپۆلی تەکنەلۆژیا نابێ، بەڵکو لە ئاگایی مرۆڤەوە بەدوای دۆزینەوەی پرسیاردا دەگەڕێت، ئەوەش بەو ئاسۆیەی دەگەیەنێ کە ئەو لەهۆڵی شانۆ پێی دەگات، لەوێ پێناسی فیکری دەست دەکەوێت، گرێ دەروونیەکانی بۆ ئاشکرا دەبێت و دەزانێ جەستە ڕۆڵی مردووی دەتوانێ بگۆڕدرێتە سەر چ بەهایەکی فەلسەفی، ئەوە سەرباری تێگەیشتن و بینینی فەلسەفی لەیەکەی هارمۆنیدا.

## کۆتایی مێژوو.. کۆتایی شانۆ

ئایا سەدەی تازە سەدەی کۆتایی مێژووە؟ فۆکۆیاما بەر لە کۆتایی سەدەی بیستەم کۆتایی مێژووی ڕاگەیاند و دواتر بە ووتارێك پاشگەز بوونەوەی خۆی نیشاندا، بۆیە وەستان لەبەردەم ئەو تێزەدا پێویستی بە پرسیاری ئەوەیە بووترێ: ئەو چۆن هات؟ بارودۆخی هاتنی کاریگەری هەبوو یا بۆخۆی لە تاریکیەوە هات؟ ڕووخانی یەکێتی سوڤیەتی پێشوو دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ هاتنی تا ڕووخانی ئەو بلۆکە بۆ ئەو تێزە ئایدیۆلۆژیە هەڵبقۆزێتەوە، بەوەش ویستی دیموکراسی خۆرئاوا بە وێنەی فریاد ڕەس پێمان بناسێنێ کە بەختیاری دەبێ بە پرۆژەی ئایندەمان، بەوەی ئەوەی ڕوویدا ئەوە شکستی مارکسیزمە، کەچی ڕووخانی سۆڤیەت لەهیچ

تێڕوانینێکدا کۆتایی هێنان نیە بە مارکسیزم، چونکە ئەگەر سۆڤیەت بکەین بە نموونە، ئەوە تەنیا ئەوەندەیە کە ئەوان قۆناغی مێژوویيان بازدابوو، واتە لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکیتر نەچوو بوو، ئەو بازی بەسەر سەرمایەداریدا، لەنێوان فیودالیزم و سۆسیالیزم ئەوەش سەرەنجام بووە هۆکاری شکستەکەی.

هەرەس هێنانی سۆڤیەت شکستی ناوەکی گوتار بوو، گوتاری دەرەکی ئەمریکا وەك باڵی سەرمایەداری نەبوو، تا فۆکۆیاما لەژێر ڕۆشنایی ئایدیۆلۆژیایەکی داڕێژراو لە بەرگی فەلسەفەدا بۆ سەرکەوتنی ئەمریکیەکان بیگەڕێنێتەوە "لە ئەمریکا گەورەترین سەرکەوتن لەگەڵ کۆتایی سەدەی بیستەمدا هاتە دی، لەناو بردنی کۆمۆنیزم و لێدان لە عیراق، ئێستا هیچ کەس گومانی نیە کە ئەمریکا گەورەی جیهانە، ئێمە بەهێز و مەزنین" (15)

بۆ ئەوەش مەبەستیەتی تاکتیکی ئەمریکامان پێ نیشان بدات کە تاکتیکێکی سەرکەوتوو بووە، هەربۆیە پێی وایە بەدوای فرێدانی بەرگی کۆمۆنیزم لەلایان ڕووسیا و وولاَتانیتر دەیانەوێ بە ئەمریکا بگەن، مەبەست لە دیموکراسی لیبراڵیە، بەلاَم ئەو لەهەموو کەس باشتر دەزانێ ئەوەی دەیڵێت تەنیا تاکتیکی سەرمایەداریە بۆ جیهان، هەر بۆیە مەترسی و سەرهەڵدانەوەی کۆمۆنیزم دەبینێ، لەناو بیرکردنەوەی خۆیدا ترسێکی کوشندەی هەیە، بۆیە سەرهەڵدانەوەی فکری مارکسیزم وەك قۆناغی ڕزگار بوونی بەشەری بە ئەگەرێك دادەنێ کە لەهەر وولاَتێکیتر سەر هەڵبدات، بەلاَم دەیەوێ وا نیشان بدات کە سەرهەڵدانەوەی دەبێتە کارێکی بێ ڕێکخستن و جۆرە ئاژاوەیەك، بۆ ئەوەش دەیەوێ پێمان بڵێ گەڕانەوە بۆ کۆمۆنیزم هەڵەیەکی بێ ئەنجامە و نابێ بیری لێ بکرێتەوە، ئەو دەیەوێ دیموکراسی لیبراڵی ئەمریکیمان لەبری کۆمۆنیزم بۆ پێشنیار بکات، ئەو دیموکراسیەی تازەترین دەسکەوتی تراژیدیا ترسناکەکانی کۆمەڵگای مرۆییە.

ئەگەر ئەو سەرەتایە بکەین بە ناسینێك بۆ کۆتایی مێژوو کە دیارە نامانەوێ هیچ شتێکی ئەوتۆ لەسەر ئەو کتێبە دەربڕین، چونکە ئەوە پەیوەندی بەو کتێبەی ئێمەوە نیە، ئەوەی دەمانەوێ تەنیا ئەوەیە، ئەو تێزە بەراوورد بکەینەوە بە شانۆ، ئەو پرسیارە بکەینەوە کە کۆتایی مێژوو.. کۆتایی شانۆ بوو؟ کۆتایی شانۆ بە مانای چی؟ کۆتایی شانۆی ئەزموونگەری یاخود شانۆ بۆخۆی لەو سەدەیە کۆتایی دێت؟ ئێمە ووتمان شانۆ دەبێ خۆی لە تەکنەلۆژیا دوور بکاتەوە، چونکە کاتێ تەختەی شانۆکان تەکنیکی پێشکەوتوو بەخۆوە دەگرن و تەختەکان دەسوڕێن و ڕووناکی پێشکەوتوومان بۆ دێنن، ئەوە بۆ پێشڤەچوونی شانۆ نیە، بەڵکو بۆ فۆتۆکۆپی شانۆ و پەراوێز بوونەیەتی بە سینەماوە، ئەوەی زوو بروك هەستی بە مەترسیەکانی کرد کە تەکنەلۆژیا ماهیەت لە شانۆ وەردەگرێتەوە، بۆیە سەری خۆی هەڵگرت بۆ لادێیەکی دوورە شار کە شانۆیەکی کۆنی تێدا بوو، خاوەنی هیچ تەکنیکێکی پێشکەوتوو نەبوو لەوێ چەند ئەزموونێکی شانۆیی ئەنجامدا، ئەو هەڵبژاردنە هەست کردن بوو بە مەترسی تەکنەلۆژیا، ئەوەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە سەدەی بیست و یەك کۆتایی شانۆ نیە، چونکە شانۆ هونەرێکە بەردەوام دەچێتە نێو پرۆژەی نوێگەریەوە، هەرچەندە ئەوەش بۆخۆی وەلاَمی پرسیارەکەی ترمان دەداتەوە کە شانۆی ئەزموونگەری کۆتایی نەهاتووە، چونکە ئەزموونگەری هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ئەزموونی نوێ، ئەوەش نایەڵێت کۆن بێت و وێستگەیەك بدۆزێتەوە بۆ سنوردانان.

جارێکیتر پێ لەسەر ئەو خاڵە دادەگرینەوە کە شانۆی ئەزموونگەری سنوری نیە، چونکە هەر ئەزموونێك کە ناوی شانۆیەکی لێ دەنرێ، واتە ئەو شانۆیە لە دانانی تایبەتمەندیەکان چیتر ئەزموونگەر نابێت، شانۆکار تا

ئەو ساتە ئەزموونگەرە کە لەناو ئەزموونەکەیدا لەسەر خاڵەکان ناوەستێ، وەستان لەسەر گریمانەکان سنوری ئەزموونگەری نیە، بەڵکو سنوری شانۆکارەکەیە بۆ ئەزموونەکەی، هەڵەیەکی گەورەیە ئەزموونگەری وەك شانۆ و ئەزموونکار وەك شانۆکار تێکەڵ بکەین (16) کەواتە ئەگەر لەڕوانگەی فۆکۆیاما وە (کۆمۆنیزم) بە (ئەزموونگەری) بشوبهێنین و (ڕەسەنایەتی) بە (دیموکراسی) بزانین، ئەوسا دەبێ وەستانی تەوژمی ئەزموونکاری بەهۆی ئەو بارودۆخەی ڕاپەرین نەکەینە شکست وەك فۆکۆیاما ڕووخانی بلۆکی سۆڤیەتی بە شکستی کۆمۆنیزم ناو دەبات، بەڵکو ئەوە پەیوەستە بە قۆناغی مێژوو، ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی شانۆکارەکان تێیدا دەژین، ئەو قەیرانە فکریەی خولی تێدا دەخوێنەوە، ئەوە پەیوەندی بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی شانۆکارەکانەوە هەیە نەك بە ئەزموونگەری، قۆناغی ڕاپەرین ئەزموونی بەرزی نیشاندا، ئەو ئەزموونانەی لە قۆناغی ئازادیدا نەبوونە شکست، بەڵکو گرێدراوی پەیوەندیەکان بوون.

ئایا ئەزموونگەری شکستی هێنا تا گەڕانەوە لێرەو لەوێ بۆی هەوڵێکی بێ ئەنجام بێت؟ وەك لە کۆتایی مێژوودا گەڕانەوەی کۆمۆنیزم لەچەند ناوچەیەك بەهەوڵێکی ناڕێکخراو بوون پێناسە دەکرێت؟ دەیانەوێ بە واز هێنان لە ئەزموونگەری سەدەیەکی تریش لەناو نائومێدی خۆمان غەرقی ڕەسەنایەتی بکەینەوە، خۆ ئێمە نەمان ووت ئەزموونگەری کوردی فریادڕەسی ئێمەیە، بۆیە میکانیزمی کارکردن لە سەدەی تازە سەرکەوتوو نیە، ڕێك بۆ ڕەسەنایەتیە خوازەکانیش کە دەبێ بیر لە میکانیزمی گۆڕان بکەنەوە.. میکانیزمی ژێرخان، چونکە گوتاری خۆماڵیبوون کەوتە بەر هەرەس هێنان، بەڵام ئەوان ئەو کارە ناکەن، دوا میکانیزم شانۆی ئاهەنگسازی بوو، کە لەدووەم پلیکانەدا ناسنامەی مردن و ڕازاندنەوەی کەلەپووری بەیان کرد، بەڵام ئەوە چ شانۆیەك بوو؟ چی بە ئێمە بەخشی و چۆن پێ دەنێتە نێو سەدەی تازەوە؟ ئایا ئەوە بۆخۆی کۆتایی هێنان نیە بە شانۆ؟

بۆ ئەوەی کۆتایی مێژوو نەبێ بە کۆتایی شانۆ، ئێمە پێویستمان بە ئەزموونی هاودژە، ئەزموونێك بوێر بێت و ترسنۆك و شەرمن نەبێت، دواجار نەگەڕێتەوە دواوە، هیچ ئەزموونێکی پێش خۆشی بە نموونەی بالا بۆ وەرگرتن تەماشا نەکات و داوای هاوکاریان لێ بکات، بەڵکو بۆخۆی هەوڵ بدات چوارچێوەکان بشکێنێ، نەگەڕێتەوە ناو بونیادەکانی خۆی، چونکە ئەو ئەزموونە دەتوانێ دژی ئەو تەوژمە بێتەوە کە لەناو کەلەپوور و بەیاننامەی ئەزموونێکی دەست نیشان کراو کار بکات، هەر بۆیە دەبێ ئەزموونگەری وەك تەوژمێکی مێژوویی ببینێت، بۆ ئەوە دەبێت ئەنتوان ئارتۆ بکات بە تارماییەك لەسەر کۆتایی مێژوو، نەك بۆ ئەوەی لەناو ئەزموونەکانی خۆیدا هەوڵی درێژ بوونەوەی ئارتۆ بدات، چونکە لەو چەمکە فەلسەفیەی جاك دریدا وە سەیری ئارتۆ دەکەین، کە مارکس بەرامبەر بە فۆکۆیاما بە (تارماییەکانی مارکس) (17) ناو دەبات کە بەسەر سەریەوەن، بەڵام دوور نیە ڕووبەرووی ئەو پرسیارە ببینەوە: کە بۆچی ئارتۆ دەکەینە ئەو نموونە بالایە بۆ ئەزموونگەری؟ چونکە ئەو توانی لەنێو ئەو هەموو ئەزموونە شەرمنانە ئەزموونی هاودژ بەرهەم بێنێت، ئەزموونێك هەموو بونیادەکانی شانۆ هەڵوەشێنێتەوە تا جارێکیتر بونیادەکان بنووسێتەوە لەڕێگەی سیستمی ناتەبای دەلالی کە دەسەڵات لە ئەدەبیش وەرگرێتەوە، شانۆ بۆ خۆی بگۆڕێ بە دەسەڵاتێکی ئازاد ئەویش (دەسەڵاتی نمایش) ە، بەو کارەش بوو بە داهێنەر و ناوێکی درەوشاوەی ئەزموونکاری، بۆیە لێرەدا زێدە ڕۆیمان نەکردووە کە ئەو داهێنەرە مەزنە بە مارکس دەشوبهێنین، بەوەش لە تێڕوانینی (دریدا) وە بە پرسیارێك دێینە نێو تەوەرێکی سەرەکی ئەو باسە کە ئەویش پێکهاتووە لەو پرسیارەی: ئایا تارماییەکانی ئارتۆ لەناو

## تارماییەکانی ئارتۆ لە کۆتایی شانۆدا

ئارتۆ بەهۆی گۆڕینی سیستمی سوونەتی شانۆ، توانی تارمایی خۆی بەسەر مردندا جێ بێلێت، بەوەش بوو بە تارمایی پاشای کوژراو لە (هاملێت) دا، تا لە تاوانەکان ئاگادارمان بکاتەوە و ڕێگای ڕاستیەکانمان پێ نیشان بدات، بۆ ئەوەی لەسەر سیستمێکی فریودراو ڕێگا نەبڕین، ئەگەرچی هەڵەی ئێمە لەوەدا کۆ دەبێتەوە، کە ئێمە تارماییەکە دەکەینە سێبەری بیرکردنەوەمان، دەمانەوێ ئەو تارماییە لەبڕی ئێمە بیر بکاتەوە.. ڕێنمایی و ئامۆژگاریمان بکات، ئێمە ئەو بە تارمایی تێناگەین، بەڵکو هەر بە پاشاکەی دوێنێی دەزانین، دەبێ تەنیا سەرچاوەیەك بێت بۆ ڕێگاکانمان و بەرامبەر بە مێژوو بیکەینەوە بە پاشا، بەر لەوەی لەسەر ئارتۆ و تارماییەکەی بدوێین، سەرەتا لەوەلامەکانی (دریدا) وە نزیك دەبینەوە، بۆ وەستاندنی فۆکۆیاما مارکس دەکات بە کۆمەڵە تارماییەك، بۆیە بەر لە شوبهاندنی ئارتۆ بە مارکس، جارێ لەسەر (تارماییەکانی مارکس) (18) دەوەستین.

بۆ ئەوەی دەسخەرۆ نەدرێین پێویستمان بە تارماییەك هەیە، بۆیە تارمایی دەبێ بێت لە کۆتایی مێژوو وریامان بکاتەوە و سەر لەبەری ئەو باسە هەڵوەشێنێتەوە کە کۆمۆنیزم شکستی هێناوە، چونکە ئەوە شکستی ئەزموونێکە کە فاکتەرەکانی نەچوونەتە قۆناغی دەسەڵات، تارمایی دێت لەوە وورپامان دەکاتەوە، کە تەسلیمی ئیرادەی دیموکراسی لیبڕاڵی نەبین، ئەوەی ئەمڕۆ لەبەرگێکی مۆدێرن خۆی دەردەخات، دەبێ بزانین لەو دیو دەمامکەوە چی هەیە؟ ئێمە بەو دەمامکە ئارایشکراوە فریو ناخۆین، ئاهەنگی غرترودی دایکی هاملێت و مامی بە بەشداری هاملێت (ئێمە) دەچێتە پتەوبوونی دەسەڵات، بە ڕق هەستان (هێزی بەرامبەر) بنیات دەنرێت و مەترسیان بۆ درووست دەکات، تارمایی دێت تا دادوەری بۆ دەسەڵات بگەڕێنێتەوە.. دادوەری ناگەڕێتەوە، چونکە هەڕەمی کۆشکی ڕووخێنرا، لەنیوە شەوێکدا دەست بەسەر تاجەکەیدا گیراو لە ئاهەنگێکدا خستیانە ژێر خاکەوە، کەواتە ئاهەنگ بونیادێکی دووبارە بۆوەی نێو جولەی دەسەڵاتە کە لە کوشتنەوە دەگوازرێتەوە بۆ گەشەکردنی هێز.

بوونە پاشای برای تارمایی (مامی هاملێت) و دەست بەسەرداگرتنی (شاژن) وەك بونیادێکی فیزیکی جەستەیی، ئەوەش کۆنترۆڵ کردنی بونیادەکانی هێزە لەنێو دەسەڵاتدا، سەرباری خیانەتی شاژن، کەواتە دادوەری لە کوێیە؟ دادوەری دەخرێتە ژێر خاکەوە، ئەوەی ناویشی لەخۆی ناوە (دەسەڵاتی نوێ) دەیەوێ فریوومان بدات کە ئەو ڕۆژگارە تازەیە بەختەوەریەکی نوێ و لاپەڕەیەکی گەش هەڵدەدەینەوە، بەوەش خۆشباوەڕی ئێمە وەردەگرێ بۆ بیرچوونمان بەرامبەر بە دادوەری، دەبێ بپرسینەوە: دادوەری لە کوێیە؟ کوشتنی پاشا (تارمایی) کوشتنی دادوەرییە.. بەوەش سەدەیەك بەرەو کۆتایی تێڕوانینەکانمان دەبات لەناو سیستمێکی تازەدا، بۆیە پێویستمان بە بونیادی هێزێکی دەرەکیە کە هۆشیارمان بکاتەوە، ئەو هێزە کێیە؟ ئەو هێزەی توانی شۆڕشێکمان بۆ بەرپا بکات کوژرا، ئایا جارێکیتر دەتوانین بە یەکێکیتر بگەینەوە؟ کەواتە هێزە دەرەکیەکەمان هێزی کوژراوە، ئەو هێزەی دواجار دەبێ بە تارمایی و لە نیوەشەودا ئاگادارمان دەکاتەوە، کە تاوانێکی گەورە ئەنجام دراوە و نابێ لێی بێدەنگ بین، خۆشنوودی جاڕدراویش جگە لە درۆیەکی گەورە

هیچیتر نیە، چونکە دەبیٚ بپرسین ئایندەمان چی بەسەر دیٚت؟ ئایا لەنیٚو گەمەی ئەمڕۆ بە خۆشباوەڕی درووشمە ڕەنگاڵەکان دەردەچیٚت؟ بە تاوانیٚك دادوەری کوژرا، چی لە جیٚگایدا دەتوانیٚ شویٚنی پڕ بکاتەوە؟ ئایا دەبیٚ بکوژانی دادوەری لەناودریٚن یا ئیٚمە بیٚینە نیٚو دەسەلاٚتی بکوژ؟ لەوەلاٚمدا بەو پرسیارانە تارمایی دیٚت جاریٚکیتر ئیرادەی خەوتوومان بە ئاگا دیٚنیٚتەوە، بەوەی دەبیٚ مردوو نەبین، بەدوای دادوەری بگەڕیٚینەوە، ئەو دادەی لەسەردەمی پاشاوە دەستمان کەوت و زەبر و زەنگی هیٚز لیٚی سەندین، چونکە بیٚ دادوەری ئیٚستامان دەبیٚ بە پڕۆژەیەکی مردوو بۆ سبەینیٚ، بۆ گەڕانەوە بەرەو دادوەری تارمایی دیٚت بۆ گەڕانەوەی دەسەلاٚتیٚك کە کارمان بۆ ناکات، بەلٚکو بەبیرمان دیٚنیٚتەوە وەك لایەنیٚکی ڕاستی زانیاریمان دەداتیٚ، بۆ ئەوەی بیکەین بە هیٚزیٚك بۆ وەلاٚمدانەوە بە سیستمی تازە کە بە ڕیٚنماییەکی فیٚلاٚویەوە هاتووە، (ئیٚستا) مان بکوژیٚت، بۆ کردنی زەمەنی ئایندەمان بە زەمەنی کوشتن، هەر بۆیە دەبیٚ ئەو هیٚزە بگۆڕین  لە تارماییەکەوە بۆ کۆمەلٚە تارماییەك، وەك چۆن لە (نەستی کەسی بکوژ) بۆخۆی کۆمەلٚە تارماییەکە و توانای لیٚ دەرباز بوونی نیە، کەوابیٚ بۆچی ئیٚمە ئەو هەموو تارمایییە بکەینە تارماییەك و واشی دانیٚین کە هیٚزەکەمان کوژراوە، ئەوەش بۆ وەلاٚمدانەوەیە بەو ووتەیەی فۆکۆیاما کە تارماییەکانی مارکس بەسەریەوەن و شکستی حکومەتی شورەویش هەرگیز هەرەسهیٚنانی فەلسەفەی مارکسیزم نیە، بەلٚکو هەرەسی ئەو شویٚنەیە کە نەیتوانی مارکسیزم لە قۆناغە مرۆییەکان بە پراکتیزە بکات، بەلاٚم مارکسیزم بۆخۆی تارماییەکە و دیٚت و لە گەڕانەوەشدا جاریٚکیتر دیٚتەوە، بەلاٚم مەرج نیە هەموومان ببینین ئەوە پەیوەستە بە قۆناغەکانی ئەو شویٚنەوە، وەك لە شانۆگەری (هاملیٚت) دا دەبینین:

مارسیلۆس: ئایا ئەمشەو ئەو شتە جاریٚکیتر دەردەکەویٚتەوە

برناردۆ: هیچ شتیٚکم نەبینیووە.

کەواتە برناردۆ تارماییەکەی نەبینیووە، بەلاٚم کە "مارسیلیۆ دەئاخڤیٚ ئەو دووجاری بینیووە" (19) بینینەوە بۆ گەڕانەوە و ڕیٚکخستنەوەی دادوەرییە، ڕیٚکخستنەوەش واتە بنیاتنانی هیٚز لەپیٚناو کارکردن لەنیٚو دەسەلاٚتیٚکی ئازاددا تا تاریکیەکان کۆتاییان پیٚ بیٚت، بۆیە ئەگەر حکومەتیٚکی سۆسیالیستی هەرەسی هیٚنابیٚت، ئەوا مارکس بوونیٚکی زیندووە، چونکە ئەو نەك لە کۆتایی میٚژوودا، بەلٚکو لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو وەلاٚمی بە سەرمایەداری داوەتەوە، کەواتە ئەوەی ڕوویداوە سەرکەوتنی سەرمایەداری نیە لەڕووی ئابوری و پەیوەندیە کۆمەلاٚیەتیەکان، بەلٚکو بەهیٚز بوونی لایەنیٚکی سەرمایەداریە لە سەرکەوتن بەسەر ڕوویەکی ململانیٚیەکی چەوت، کە دەشیٚ هاوکیٚشەکان قلٚپ ببنەوە.

سەرکەوتنی بلۆکی خۆرئاوا پەیوەستە بە سەرکەوتنی باری ئابوریی سەرمایەداری خۆی، بەلاٚم ئەوە مەترسییەکە کە مارکس بۆخۆی پیٚی ڕاگەیاندووین، کەواتە ئەوەی ڕوویدا لە ڕووداویٚکی کتوپڕ بۆمان نەهات، بەلاٚم گرنگ ئەوەیە تووشی نائومیٚدیمان نەکات، چونکە تارماییەکەی ئیٚمە چەکدارە، چەکدار بوونی تارماییش هیٚزدانەوەیە بە ئیٚمە، وەك چۆن دەرکەوتنی تارمایی پاشا لە (هاملیٚت) دا دەبیٚت هۆی هەلٚوەستەی کوڕەکەی:

هاملیٚت: ووتت ئەو چەکدارە؟

بوت: چەکدارە گەورەم

هاملیٚت: لەسەریەوە تا نووکی پیٚی

بوت: گەورەم، لەسەریەوە تا پێی (21)
بۆیە ئێمە خاوەنی تارماییەکی چەکدارین، کە لەگەڵ ڕۆیشتنی ئومێدێکمان لا جیٚ دێلێت، بەوەی جارێکی تریش دێتەوە، ئەوەش ئومێدی مارکسیزمە بۆ مرۆڤ، چونکە تارمایی یەکجار دەرناکەوێت تا جارێکیتر نەیبینینەوە، بەڵکو ئەو بۆ دامەزراندنەوەی ئیرادە دێت، دەزانیٚ لە شکستدا ئیرادە نەماوە، بۆیە کاری ئەو کارکردنەوەیە بەرەو ڕووی بەرامبەر، ئەوەش پەیوەستە بە بوونی ئێمە، ئەو بوونەی گومانمان لێی هەیە، گومانێك دەبیٚ بە سەرچاوەی کێشەی سەرەکیمان، بۆیە ئەو پرسیارەی بەدوایدا لەساتێکی وادا دەمانەویٚ گرێیەکانمان بکاتەوە،تەنیا ئەوەیە کە بۆخۆی گومانێکە و دەڵێت "من هەم یان نیم ئەمەیە گرفتەکە" (21)
چونکە لەنێوان بوون و نەبووندا یەکلا نەبووینەتەوە، گومانێك هەیە ڕێگامان نادات دڵنیا بین، دڵنیا نەبوون خۆ خواردنەوەیە لەنێو گوماندا، دیسان یەکلا بوونەوەشمان کێشەیەکیترە، بۆچی؟ ئەگەر ئێمە واتێبگەین بوونمان هەیە، ئەوە دەبیٚ پرسیار لەوە بکەین کە بۆچی خراوینەتە پەراوێزی بوونەوە، پارێزگاریکردن لەو بوونە لەکوێدایە؟
ئەگەر دڵنیا بین لەوەی لەنێو نەبووندا کار دەکەین، دەبیٚ بەدوای میکانیزمی بووندا بگەڕێین، کەواتە گرفتەکە لەناو گوماندا نییە، بەڵکو لەدوای گومانە کە هەریەکە لەو دووانە ڕاست دەرچوو، ئەوسا تێدەگەین کە دەبیٚ ڕووبەڕووی چ پرسیارێکی گران بینەوە، ئەوەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مەعریفەوە هەیە، چونکە بیٚ بوونی مەعریفە چ پرسیارێك دەکەین، ئەوە ئەو واقیعەیە کە ئێمەی لەنێو فەوزادا خولاندۆتەوە، چونکە ناتوانین پرسیار لە تارمایی بکەین تا هێز وەدەست بێنین، بەڵکو دەبیٚ خۆمان بە درێژکراوەی تارمایی بزانین، بۆیە مەعریفە دەبیٚ بە میکانیزمی ڕزگاربوونمان، لەخۆڕا نیە شکسپیر لە شانۆگەریەکەدا دەڵێت "تۆ خوێندەواری.. بیدوێنە ئەی هۆراشیۆ" (22) ئەو دێرەی جاك دریدا پێی وایە ئێمە لەوە دەگەیەنیٚ مەعریفە هەڵوەشاندنەوەی ئایدیۆلۆژیای داڕێژراوە تا ئەو گوتارە نەمرێت، بەڵام چ گوتارێك؟ ئەوەیان گرنگە، گوتاری دەسەڵات لەدەقەکەدا گەڕانەوە نیە بۆ شارێگەکانی دەسەڵاتی کوژراوێك، بەڵکو چۆنیەتی وەرگرتنی دەسەڵاتە بۆ هەنووکە، هەڵەی گەورە لەوەدا کۆدەبێتەوە ڕۆشنبیری ئێمە دەیەویٚ لە پەراوێزی دەسەڵاتی ڕابردوو دابێت، بەوەش دەمانەویٚ بوونی خۆمان لە مردن وەرگرینەوە، نەك بۆ شکاندنی سیستمەکەی، بەڵکو بەپێی بەخشینمان لەلایان دەسەڵاتی پێشووەوە کە مردووە، بۆیە ئەوە بۆخۆی دەبێتە مایەی پرسیار، چونکە چی لەتوانای مردوودایە بە ئێمەی ببەخشێت؟ هەڵبەتە سیستمێکی چەسپاو و نەگۆڕمان پێدەدات کە هەموو جولە و هێماکانی دیاریکراون، ئەوەش سوڕانەوەیە لەنێو بازنەیەکدا کە بە (بازنەی مردن) ناوی دەبەین، کەواتە پەیوەندی ئێمە بە دەسەڵاتەوە چیە؟ ئەگەر تەکنەلۆژیا بە دەسەڵاتێکی تازە هەڕەشەمان لێبکات، بەوەی ترسێکمان لا بەجیٚ بێلێت، تا واتێبگەین تا بەرەو سینەما ڕاکەین دڕەنگە، ئەوە تەنیا هەڕەشەی ئەو هێزەیە کە لەنێو تیشکی ڕەنگەکاندا دەیەویٚ مردنی خۆمانی بۆ ڕابگەیەنین، بۆیە ئەو دەسەڵاتە جادووگەرێکە، کە بەتاڵکردنەوەی تەلیسمەکەی تەنیا لای شانۆکاری بە ئاگایە کە دەبیٚ بۆ بەتاڵبوونەوەی فێڵەکانی جادووگەر بیٚ سڵەمینەوە بێتە پێشەوە، ئەویش کارکردنە لەسەر ئەزموونێك بۆ هاودژبوونی شانۆ، ئەوەش پرۆژەیەکە مەزنی بۆ بەهای شانۆ دەگەڕێنێتەوە، بۆیە شانۆکاری ڕاستگۆ دەبێت لەسەر کارەکانی خۆی سووربێت و هەرگیز چاوی لەڕەزامەندی چەندایەتی نەبێت لە کارکردن، بەڵکو تەنیا بڕوای بە پرۆژەی ئەزموونکاری خۆی بێت، شانۆکاری ئەزموونگەر

دەبێت (ئەنتوان ئارتۆ) بکاتە کۆمەڵە تارماییەك لەنەستی بکوژانی شانۆ، چونکە هاتنی ئارتۆ دەروازەیەك بوو بۆ وەستاندنی زەمەنی شانۆ تاوەکو بەهەموو ئەو خاڵانەدا بچینەوە کە گیانی نێو شانۆیان کوشتبوو، بۆیە شانۆ پێویستی بە ئاشکراکردنی ئەو دیو دەمامکەوە هەبوو کە شانۆکارانی پێش ئەو نەیان دەویست ڕووی ڕاستی ببینن، بەڵکو لەناو جۆرێك لە چەواشەکاریدابوون، بۆیە هاتنی ئەو بەرلەوەی گوتارێکی ئیستاتیکی بە شانۆ ببەخشێت، پرسیارێکی گەورەی هێنا ئەو پانتاییە کە پێشتر بوونی نەبوو، چونکە کۆمەڵە لقێکی لێ دەبۆوە و هەمووشیان پرسیاری تریان درووست دەکرد، ئەوەش گۆڕینی وەزیفەی شانۆ بوو، جەستەی حەرامکراو دەمامکی ووشەی لەڕوو هەڵگیراو بۆخۆی هاتە دوان، ئەوەش بووە مایەی پرسیاری وەرگر، واتە شانۆی ئارتۆ تەنیا بۆ گۆڕینی نواندن و دەرهێنان نەهات، بەڵکو هات تا ئەرکی وەرگرتن لای بینەریش بگۆڕێت، چونکە ئەمجارەیان وەرگر لەبڕی ستایش هاتە ئاخافتن، بۆیە کردەی بینین لەو ئەزموونە هاودژەدا بووە بە تاعوون بۆ ڕزگاربوون لەهەموو ئەو پاشماوانەی شانۆی پێش ئەو بونیادەکانی پەك خستبوو، ئەو هات لەنێوان مردن و ژیان یەکلای بکاتەوە، ئەوەش بۆ کەشفکردنی نهێنی شاراوەی گەردوونی بوو کە تاعون ڕووی ڕاستی ئاشکرا دەکات، هەموو ئەو مانا سوونەتیانەی سەراوژێر کرد کە بە پەیوەندی نێوان هونەر و واقیع دەبەسترانەوە، چونکە ئەو بۆ ئەوە هات پێمان بڵێ کە دەکرێ پەیوەندیەکانی ژیان بخرێتە نێو بونیادێکی هونەری ئاڵۆز تا ڕۆڵی هونەریشی پێ فەرامۆش نەکرێت، ئەوەش دەسەلات نادات بە کۆمەڵگا لەژێر سیستمێکی ئایدیۆلۆژی، بەڵکو شانۆ لەناو دەسەڵاتی خۆیەوە لەو بونیادە کۆمەڵایەتیانە دەدوێ، دوانیش ئاخاوتنی جەستەیە، بۆیە "ئارتۆ گێتی و مرۆڤایەتی بە برینێکی گەورەی تاعوون دادەنێ، کە ئەو برینە گەورە بوو و تەقی هەرچی خوێنی و جەراحەت و پیسی هەیە، لەناوەوەی مرۆڤدا دێتە دەرەوە، ئەو کاتە یان چاك دەبێتەوە، یاخود بەتەواوەتی دەمرێت" (23)

بەو کارەش فێری کردین کە لەپیرۆزی دەسکاریکردنی تەوتەمەکان نەترسین، چونکە ئەو پیرۆزیی نەهێشت، لای ئەو پیرۆزی تەنیا بۆ شانۆ بوو، ئەوەش لەپێناو گۆڕینی گوتاری سەرتاسەر بوو، ئەو گوتارەی هات بەشداریی لە سایکۆلۆژیاش کرد، بەوەی چیتر نەست داخراو نەبێت، چەمکی ڕاستەقینەی شانۆی دیار کرد، بەوەش دەسەلاتی لە ئەدەب وەرگرتەوە و نمایشی شانۆیی بۆخۆی کردە خاوەن دەسەلات، ئەوەش بووە ڕێگر لەبەردەم مەترسی مردنی شانۆ، چونکە کە شانۆ بوو بە خاوەن دەسەلات ئەو ترسە نەما کە ئەو ژێر دەستەی دەسەلاتێکی تر بێت و گومانی لەناوچوونی لێ بکەین، بۆیە ئارتۆ لەبالۆرەی کۆتایی مێژوو دێتەوە و دەبێ بەچەند تارماییەك کە پێمان دەڵێ : شانۆ کۆتایی نەهاتووە و نایێ!

## یادەوەری جەستە

جەستە لە ئاراستەی کارکردندا بۆ پەیوەندیە دەلالیەکان ئاشکرا نەکرا، چونکە ووشە لە شوێنی ئەودا کاری خۆی کردووە و دەسەلاتێکی بالای بەبەردا بڕاوە، ئەوەش کردوویەتی بە زمانێکی مردوو.. ڕێگای نەداوە بەکار بخرێت و فراوانی زمانی خۆی لەنێو سیستمی زمانەوانی دەلالی ئاشکرا بکات، ئەوەش بووەتە هۆی تێنەگەیشتنمان لەچەمکی ڕۆشنبیری و هونەریدا، بەوەش شانۆمان بە ئەدەب دیووە و نووسەرمان بە سەرچاوەکەی ناسیووە، هەردەم دەرهێنەری کورد بووەتە کۆیلەی نووسەر و نەیتوانیووە سوود لە جەستە

وەربگرێ و بەهای ڕاستەقینەی شانۆ نیشان بدات، ئەوەش بووەتە هۆکاری سەرەکی دوور بوونی وەرگر لەشانۆدا، چونکە بینەری ئێمە شانۆی وەك دامەزراوێکی هونەری سەربەخۆ نەناسیووە، بەڵکو وەك هەر ژانرێکی ئەدەبی تر کە چەند بووکە شووشەیەك لەبەردەمی ڕەت دەبن دیویەتی، بۆیە جەستە ئەو ئامرازە نەخوێنراوەیە لە شانۆدا بووەتە بونیادێکی نەجولاوی ئەکتەر، ئەگەرچی ڕەوتی ئەزموونکاری وەك تەوژم ویستویەتی جەستە ڕزگار بکات و بیخاتە نێو پرۆژەیەکی شانۆیی، بەلاّم جەستە لە کۆیلەبوون ڕزگاری نەبوو، بەڵکو تەنیا بوو بە بەشێك لە پێکهاتەی گوتار، وەك ڕەهەندێکی شێوەکاری نێو وێنەی شانۆیی، بەوەش نەیتوانی گوتارێکی تایبەتمەند بەخۆی بخوڵقێنێ، چونکە ئەو بەدرێژایی زەمەن ڕاگیرابوو، دامەزراندنی ئەو گوتارەش پێویستی بە پرۆژە و ریبۆرتوارێکی تایبەتی هەیە کە لە ڕێگەیەوە میتۆد و ئەزموونی تازەی پێ بدۆزێتەوە بۆ جیهانگەرایی شانۆ، کەواتە پرۆژەی شانۆی ئەزموونگەری تا ساتەوەختی کۆتایی سەدەی ڕابردوو توانی دەسەلاّتی ووشە کەم بکاتەوە و ببێتە مەترسیەك بۆ لایەنگیری جەستە، ئەگەرچی نەیتوانی شۆڕشێك بەرپا بکات لەوەی هەوڵەکانی پێش خۆی سەراو ژێر بکات، بەلاّم بوو بە دەروازەیەك بۆ ڕێگایەکی ڕۆشن لەنێو ئەو پانتاییە ئەفسووناویە "لەپێناو وریاکردنەوەی زۆر لە ئەندامە نوستووەکانی بینەران و بەشداری کردن و بەخشینی جۆرە توانایەکی فراوانتر لە دەسەلاّتی بینەران بەسەر ئاستی هەموو نمایشە شانۆییەکە" (24)

کەواتە جەستەی خوێنراوە ئاماژەیەکە بۆ بەشداری کردنی وەرگر لە شانۆدا و پرۆسەیەکی هاوبەشیشە بۆ خوێندنەوە، خوێندنەوەش تێگەیشتنە لە ماهیەتی جەستە بۆ چوونە نێو جیهانێکی فەلسەفی، خوێندنەوەی جەستە هەڵوەشاندنەوەی توخمە پێکهاتووەکانیەتی، چونکە جەستە ئۆرگانێکی فیزیایی و کیمیایی زیندووە، بۆیە گۆڕینی ئەو ئۆرگانە بۆ پرۆژەی بە شانۆکردن ئازادکردنیەتی لەهەموو ئەو حەرامانەی لە جولەدا بۆی پێشنیار دەکەن و هەوڵی دۆزینەوەی مانا و ڕەهەندی فەلسەفی بۆ دەدەن، تا ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی بزانێ، چونکە تا ئەمڕۆ جەستەمان نەناسیووە، بەڵکو دیلی نێو تاریکیەکانی نێو ڕۆحمان کردووە و بەسەرچاوەی هەموو گوناهەکان پێناسەمان کردووە، هەر بۆیە لە شانۆدا نەمان ویستووە ئەو گیانە شەیتانیە بزۆزە بکەوێتە کارکردن، چونکە دڵنیا بووینە لەوەی جەستە توانای ڕاپەڕاندنی زۆر کاری گەورەی هەیە و بەوەش کارەکە دەچێتە قۆناغی توێژینەوە و پرسیار، ئاسانکاری لە کارکردن نامێنێ، بەڵکو دەبێ شانۆکارەکان ماندوو بن، ئەوە کاری ووشە نیە بێ زەحمەتی مەیسەر بێ، چونکە شانۆکاری کورد زۆر جار ئەرکی (ووشە) شی لە شانۆدا بەجێ نەگەیاندووە، دەربڕین و چۆنیەتی گوتن خاوەنی سیستمی جوانکاری ئاخاوتنە، ئێمە وەك کورد زۆرجار لەدەرەوەی ئەودا کارمان لەتەك ووشەدا کردووە، شانۆکاری کورد ویستویەتی بەهۆی ئاخاوتنەوە وەزیفەی جەستە فەرامۆش بکات، بەوەی دەدوێت و بەهۆی ئاخاوتنەوە شەرعیەت بەخۆی بدات بەنێوی واقعی کۆمەلاّیەتی، ئەو واقیعەی بەدرێژایی تەمەنی نەیتوانی زمانێك بدۆزێتەوە، کە ئیتر پێویستی بە جەستە نەبێت، ئەگەرچی واقیعی کۆمەلاّیەتی گەشەسەندنی مرۆڤ بێ لەنێو واقعی مرۆیی، بەلاّم ئەوە مانای وانیە کە جەستە بێلایەنە، بەڵکو خودی جەستەیە کە پەیوەندیەکان دەسوڕێنێتەوە، بەلاّم پەیوەندیەکە ئەو قوربانیەتی، ئەگەرچی ووشە دەیەوێ بەردەوامی هەبێ لەسەر هەمان ڕیتمی خۆی و دەسەلاّتی تاکڕەوی بەرجەستە بکات، کەچی جەستە بە پێچەوانەوە دەیەوێ خۆی ئاشکرا بکات بۆ دۆزینەوەی فەلسەفە، بەوەدا جەستە دەبێتە

زمانێکی سەراپاگیر، وەك ووشە لە سنوری بەرتەسکی خۆیدا نایهێڵێتەوە، بەڵام ئەوە کارێکە لەلایان زۆرینەوە بە مەترسی ناو دەبرێ، چونکە هاتنی جەستە دەرکردنی ئەوانە لەو پانتاییەدا کە تەرمێکی زۆریان لەو پانتاییە کەڵەکە کردووە.

جەستە بۆ ئەوەی لەشوێنی تەرمەکان کار بکات و گیانێکی زیندوو ببەخشێتە ئەو بۆشاییە، کە لەڕێگەی کۆمەڵە جولەیەکی نێو وێنەدا بونیاد بۆ گوتار بدۆزێتەوە، نەك وێنەکانی شانۆ وێنەیەکی گواستراوە بێت و پەیوەندی بە دەلالەتی هونەریەوە نەبێت، ئەوە زەنگێکە هەمووان لە جەستە دڵنیان کە بە هاتنی هۆشیارمان دەکاتەوە، بۆیە دەبێ پاساوی بێبنەمای بۆ بێننەوە، لەجۆری تاوانبارکردنی جەستە بە قێزەون و بە نەهامەتی و نەگبەتی و نەبوونی ئاکار، جەستە چەندە لەنێو کۆمەڵگادا حەرامکراو بووە، هێندەش لە شانۆدا بیر لە کوشتنی کراوەتەوە، چونکە ئاشکرایە جەستە سەرچاوەی لەزەت بەخشینە، کوشتنیش ڕێگا گرتنە لە لەزەت و بەگژداچوونەوەیە تا سەرەنجام چەپاندن ڕێگای نەشونماکردنی لێ دەگرێت.

تاپۆکردنی جەستە واتە نەخۆش بوونی جەستە، ئەویش پەیوەندی بە ڕابردوویەوە هەیە، لەنێو شکست و هەرەسدا یادەوەری فۆبیا (تۆقین) ی بۆ بەرهەم هێناوە، یادەوەری ئێمە یادێکی نەخۆشە، بۆیە دەبێ بەرلەوەی لە یادەوەری نەخۆش بپرسین، دەبێ بزانین یادەوەری بۆخۆی چیە؟ نمایشکردنەوەی ئەگەر و گریمانەکانی ڕابردووە کە دووبارەی دەکەینەوە، ئەوەش جولەی شانۆکاری کوردی وەستاندووە، چونکە بەدەوری چەقێکدا ڕای گرتووە، هەموو تێپەڕینێکی زەمەنی لای ئەو بووە بە پارێزگاری کردن لەو ئەرشیفە، بۆیە لە بنەڕەتدا یادەوەری بۆخۆی "شتێك نیە هەبێت و بیپارێزین، بەڵکو یادەوەری شتێکە دروستی دەکەین" (25) دروست کردنیش پرۆسەیەکی خوڵقێنەر ناگرێتەوە، چونکە خوڵقاندن بە تێڕوانین و جیهانبینییەك گۆڕان بەرهەم دێنێ، بەڵام دروست کردنی یادەوەری کۆکردنەوەی گریمانە، پارێزگاری لە ڕابردوو دەکات، بۆیە کاتێ ئەمڕۆ قسە لە یادەوەری دەکەین، لەوانەیە بپرسین: پەیوەندی یادەوەری بە سەدەی بیست و یەکەوە چیە؟ ئەوە دوان نیە لە ڕابردوو، بەڵکو مەترسیەکە لە داهاتوو، بۆیە لە ئێستادا ئەوەی کارمان پێی بێت، تەنیا ڕێکخستنەوەی ڕابردووە بۆ داهاتوو، چونکە بەردەوام یادەوەری خۆی دەکات بە کەناڵی گەیاندن بە داهاتوو، ئەوەش مانای وایە یادەوەری بۆ زەمەنێکی ئەرشیفکراو کاری نەکردووە، بەڵکو دەیەوێ ماناکانی ڕابردوو لەنێو داهاتوو دا جێگیر بکات، بەواتایەکیتر شانۆکاری کورد (ئیرادەی گۆڕان) لەناو خۆی دەکوژێت.. بۆ ئەوەی یادەوەری بژییت، چونکە هەست دەکات بە (مردنی یادەوەری) ئەو ڕێگایەکی زەحمەتی دێتە پێش، دەبێ لە ئێستادا بەهایەك بدۆزێتەوە و چیتر دەست نیشان کراوەکان نەکاتە ڕێبەری لەسەر ڕۆیشتن، بۆیە درێژ بوونەوەی یادەوەری بەردەوامی شانۆکار نیە، چونکە تێگەیشتن لە چەمکی (بەردەوامی درێژ بوونەوە) بەو واتا سادەیەی کە ئێستا لە گۆڕەپانی شانۆدا تێیدەگەین چەمکێکی هەڵە و ناتەواوە، چونکە جارێ دەبێ زەمەن بناسین، ئایا زەمەنی کارکردنی ئێمە درێژ کراوەی شانۆکەمانە؟ ئەی شانۆکەمان بۆخۆی کێیە تا بەردەوامی هەبێ؟ بەردەوامی لەچی؟

زەمەنی بکەر لای شانۆکاری کورد جولەیەکی وەستاوە، زیاتر لە جولەی پەیکەرێك دەکات، یاخود هێزێکی دەرەکیە و بووکە شووشەیەك دەجولێنێ، ئەوەش دووبارە کردنەوەی غەریزەی مردنە نەك درێژکراوەی شانۆ، کەوابێ بۆچی دەبێ شانۆکاری کورد مردن بە بەردەوامی ناو ببات؟ بۆیە ئەوەی بە پەیوەندیەکی تەواوکەر

ناومان بردووە (زەمەنی مردن) بووە، چونکە (بەردەوامی/ درێژبوونەوە) پەیوەندی تەواوکەر نین، بەڵکو دوو بونیادی جیاوازن، بۆیە بەردەوامبوون بەواتای گۆڕانی ماناکان دێت "، بەڵام درێژبوونەوە چەقبەستنە لەناو چۆنایەتییەکدا کە بەردەوام خۆی دووبارە دەکاتەوە، خۆی درێژ دەکاتەوە" (26) ئەوەش پێویستی بە مەعریفەیەکی شانۆیی قووڵ هەیە، تا ماناکان تێکەڵی یەکتر نەکات و سەربەخۆیی ماناکان بپارێزێت، بۆ ئەوەی بونیادەکان بەر لە یەککگرتنیان بۆ دامەزراندنی گوتار هەست بە (زەمەنی بکەر) ی خۆیان بکەن، کە نەگەڕێنەوە نێو (زەمەنی یادەوەری) چونکە یادەوەری ئێمە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا یادەوەریەکی نەخۆشە، هۆیەکەشی ئەوەیە تا لوتکە لەنێو ڕابردوودا نوقم بووە.. ناتوانێ لێیەوە دەرباز بێ، بە میکانیزمی ڕابردوو کار دەکات، خۆی داوەتە وەهمی یادەوەری، بۆیە ئێستا پرۆژەیەکی ونبووە لە یادەوەری کە کاری پێی نیە ئەو کار بۆ ئەوە دەکات داهاتوو داگیر بکات، هەڵبەت لە تواناشیدایە بیکات، چونکە ئێستا ڕەوتێکی وەستاوە ئەوەش بە بەرژەوەندی ئەو تەواو دەبێت، چونکە ئێستا بوون لە زەمەنی کارکردن ڕووبەروو وەستانەوەیە بەرامبەر بە ڕابردوو، تا ساتەوەختی کۆتایی سەدەی بیستەم ڕووی نەدا، بەڵام ئاخۆ لەو سەدە تازەیەدا ئەوە دەبێ بە پرۆژەی کارکردنی شانۆکاری کورد؟ ئەوەیان مەسەلەیەکیترە، چونکە دوان لە ئێستا ڕەتکردنەوەی ئەو گریمانەی درێژ بوونەوەیە کە بێ مەعریفە هاتووە بۆ دامەزراندن، بۆیە ئێستا پرۆژەیەکی ئاوەڵایە بۆ ڕاگرتنی ئەو نا ڕۆشنبیریەی کە لە رابردووەوە تا ئەمڕۆ یادەوەری شانۆمانی نەخۆش خستووە، بۆیە کاتێ بمانەوێ شانۆی ئێمە لە ئایندەکەی دڵنیا بین، دەبێ ئێستامان جدی بێت، دیسان هیچ پەیوەندیەك نیە لەنێوان (ڕابردوو/ هەنووکە) چونکە ئەگەر پەیوەندیەك هەبێت ئەوە بۆ بەردەوامی و کوشتنی داهاتووە، بۆیە دەبێ ئێستا پرۆژەیەك بێ بۆ (ڕاگرتنی دوێنێ) و (دامەزراندنی داهاتوو) ئەوەش ئەو زەمەنە دەوەستێنێ کە لەپرۆژەی شانۆی ئەزموونگەری کوردی بە (دوێنێ، ئێستا، داهاتوو) ناو دەبرا، چونکە پرۆژەیەك بوو بۆ ئاشنابوون، بەڵام ئەمڕۆ سەدەیەکیتر و قۆناغی ئاشنا بوون بە نوێگەری کۆتایی هات، ئەگەرچی ئەوە ناسینی نوێگەری نەبوو، بەڵکو ناسینی تەقلید بوو، چونکە کارکردن لەو پانتاییە ئیدراك کردن بوو بە چوارچێوە تەسکەکەی دوێنێ، نەبوونی خاسیەت لە نوێگەریدا ئەوەی بۆ کەشف کردووین، کە ئێمە بەو کارە تەقلیدمان ناسیووە نەك نوێگەری.

ئەگەرچی ئەو ئەزموونانە نوێگەریەك نەبێت خاوەنی ئەزموونی سەربەخۆ بێت، بەڵام توانی ژێرخان و سەرەتایەك لەو نەخشەیە پێك بێنێت، بۆیە ئێستا دەبێ میکانیزمی کارکردنی کودەتایەك بێ بەسەر تاکتیکی کارکردنی ڕابردوو، دواتر دێینە سەر ئەو خاڵە، چونکە ئەو خاڵە دەبێ بە هۆیەکی سەرەکی بۆ ئەزموونی هاودژ، بەو پێیەی جیا بێت لەو دوو ئاراستە گوتارەی لە هەشتاکان کاری پێکرا، چونکە دەبێ لەهەموو ئەو مانایان دوور بکەوینەوە کە ئەو کات بە شانۆی ڕەسەن و ئەزموونگەری کوردی ناوبران، مەبەستمان سڕینەوەی ئەو هەوڵانە نیە، هێندەی دەبێ ئەزموونەکانی ئێستامان جیاواز بن، چونکە ئەو قۆناغە لەشانۆی ئەزموونیمان کۆتایی هاتووە، بەهەموو مانایەك ئێمە لەقۆناغێکی نوێی ئەزموونکاریداین (27) چونکە دانەبڕان لە ئەزموونی هەشتاکان بەمانای وەستان و چەقبەستن، چونکە ئەو ئەزموونە بەراییانە چەندە سەرەتایەکی تیۆریی ئێمەیە بۆ شانۆی ئەزموونگەری، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستیەشمان قەبووڵ بێت کە ئەو ئەزموونانە زیاتر ئیشکردن بوو لەسەر هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە تەباکان و بنیات نانی ئەزموونی نا تەبا لەعەقڵی شانۆکاری کورد، ئەگەرچی ئەو

گوتاره ئەزموونكاریە نەیتوانی بەتەواوی خۆی دابڕێت لە چەمكی ڕەسەن بوون، ڕەسەن بوون بەو مانایەی كوردبوون لەنێو سیما ڕووالەتخوازەكان كورت نەكرێتەوە، یاخود گەڕانەوە بەرەو كارەكتەرە مێژوویەكانی كورد، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی نەتوانرێت درێژە بە جیهانی ئەزموونكاری بدات، ئەگەرچی هۆیەكی پەیوەندی بە هاتنی دۆخ و قۆناغێكی سیاسی و كۆمەلأیەتی و جیاوازەوە هەبوو كە گۆڕا، بەلأم شانۆكاری كورد لە ئەزموونگەریدا لەو قۆناغەدا زیاتر ویستویەتی لە ناتەباكانی تەبا نزیك بێتەوە، نەك خاسیەتی نوێگەر بخولقێنێ، چونكە ناتەبا چەند نوێگەر بێت، دواجار سنورێك هەیە ئەو بە ئەزموونی ڕابردوو دەبەستێتەوە، ئەوەش ئاسۆیەكی كەمبینی شانۆكاری كورد بوو، كە نەیتوانی خۆی لەتێگەیشتنی ڕەسەنایەتی دابڕێت، بۆیە دەبێ بپرسین: ڕەسەنایەتی چیە؟ ڕەسەنایەتی چ سوود بە شانۆكار دەگەیەنێ كە نەتوانێ گوتارێكی تازە بە ئێمە ببەخشێت؟ گوتارێك بەر لە كاركردن لەو كایە ئەبستمۆلۆژیەدا نەمردبێت، بۆیە شانۆكار بۆ ئەوەی هەولەكانی بێسوود نەبێت "دەبێت دەسبەرداری ئەفسانەی ڕەسەنایەتی بێت، دەبێت دەسبەردای ئەفسانەی درێژ بوونەوە بێت" (28)

ئەوەش بۆ هەلكۆلێن و دۆزینەوەی گوتار و خولقاندنیەتی، چونكە خولقاندن نووسینەوەی چیرۆكێك نیە، بەپێی چەمكێكی مێژوویی ڕووداو فرمانی پێ دەكرد، بەلكو دۆزینەوەی ماناكانە لەو چیرۆكەی ڕابردوو بەیەك مانا هەمووانی ڕازیكرد، بەلأم ئێستا فرە مانایی بۆ دەدۆزێتەوە، بە گۆڕین و فرە ڕەهەندیش واتە تاكتیكی كاركردن (ئێستا) لەوەی (دوێنێ) جیا دەبێت، بە جیابوونیش واتە ستراتیژی هەردووكیان بۆ داهاتوو یەك ستراتیژ نابێت، ڕاستە هەردووكیان دامەزراندنە، بەلأم دامەزراندنێك لە دوێنێ بەوەهم ماوەتەوە، ئێستا دەیكات بە بینراو، كەواتە گۆڕینی تاكتیك گۆڕینی وەهمە بۆ بینراوێكی ئەنتۆلۆژی، ئەوەش بۆ ئەوەیە لە ئێستاوە ڕابردووی ئێمە ڕابردوویەكی جیا بێت لەوەی دوێنێ، چونكە دەبێ ڕابردوو گۆڕانێك بەرپا بكات، بە بەرپا كردنی گۆڕان جودابوونی ئێمە كامەیە؟ كام زەمەن لەیەكترمان جودا دەكاتەوە؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە بەردەوام بە شانۆی ئێمە نامۆ بووە، بەلأم بەدوای وەلأمیشدا نەگەڕاوین، ڕاستر وایە بلێین ئەو پرسیارەمان فەرامۆش كردووە، چونكە دلنیا بووینە لەوەی زەمەنێك نیە لەیەكترمان جودا بكاتەوە، چونكە دوێنێ یادەوەریەكە بۆ هەنووكە و داهاتووش پۆلاین دەكات، كەوابێ چۆن بمانەوێ ئەزموون و شانۆی تر هەبێت بۆ ئەوەی هاریكاریمان بكات بۆ دامەزراندن، لەكاتێكدا ئێمە ئەوان لەدەرەوەی خۆمان دێنین بۆ پەیداكردنی دەسەلأتی خۆمان كە لەبڕی ئەوەی ئەو هاوكاریە بگۆڕین بە مەعریفە، ئەرشیفمان كردە نێو یادەوەری تاهەولی ئیزافە نەدەین و خۆمانی تیادا نوقم نەكەین، ئەوە هەلەیەكی دەرگا كردنەوەی ئێمە بوو بۆ وەرگرتن، كەوابێ پرۆژەی ئەزموونكاری نەیتوانیووە شانۆ ڕزگار بكات، بەقەد ئەوەی ویستویەتی هەولی خۆ دەربازكردن بدات، بۆیە ئەزموونكاران خۆ دەرباز دەكەن، بەلأم ناتوانن وەلأم بە كۆمەلێك پرسیار بدەنەوە، بەهۆی ئەوەی نەیانتوانی دابڕان درووست بكەن، تاوەكو لە تارمایی یادەوەری دەرباز بن، بەلكو خۆیان دایەوە دەست یادەوەری، دەبوو یادەوەری خەزن كراو ببایە بە حەشارگەیەك بۆ ئەوەی زەمەنێك لە نائومێدی ژیاوین، دەبوو ڕزگار بوون لە نائومێدی بكەینە بكەینە پرۆژەیەك بۆ كاركردن، بەلأم كوا بەكێ دەلێی؟ هەموومان لەكاتی نمایش كردنی شانۆیەك پێمان وایە دابڕانمان درووست كردووە، كەچی دواتر دێینە سەر بنەما چەسپاوەكانی یادەوەری.

هۆكاری سەرەكی لەوەداسەرچاوە دەگرێ كە پێمان وایە هەولەكانمان ئەزموونی بەرزن، كەچی درێژكراوەی

یادەوەرین، بەردەوامی سەدەیەکین.. گرفتەکەی لەوەدایە گومانمان لە عەدەمیەتی بەشێکی هەوڵەکان نیە، چونکە وای دەبینین ئێمە پانتاییەکی سەربەخۆمان هەیە، کەچی دەبێ ئەو یەقینە بدەینەوە بە هەوڵەکان تا بە گومان بۆمان بگۆڕنەوە، چونکە گومان بەدەسکەوتی گەورەمان دەگەیەنێ، هەرخۆشی دواجار داوامان لێ دەکات گومان لەدەسکەوتەکانی بکەین، ئەوەش بۆ وازهێنان نیە، بەڵکو دڵەڕاوکەیەکە بۆ دۆزینەوەی زیاتر کە بە مەعریفەمان بگەیەنێ، چونکە ئەو نایەوێ وێستگەیەك بۆ پشوو بدۆزینەوە، بەڵکو دەیەوێ لەڕۆشن کردنەوەی هەر ژوورێك دەرگای ژوورێکی ترمان پێ نیشان بدات، تا مۆمێك هەڵگرین و بەرەو ژوورە تاریکەکان بڕۆین، بۆیە ئەوە گومانە کە دەیگۆڕینەوە بە یەقین، ئەوسا دەزانین چ گەنجینەیەکی گەورەمان بردەوە، کەچی لەبڕی ئافەرین پێمان دەڵێ: دەبێ مۆمەکان بسووتێن.. تا تاریکستانەکان ڕۆشن ببنەوە.

ڕۆشن بوونەوە کوشتنی یادەوەریە، چونکە یادەوەری بۆخۆی جگە لە تاریکی هیچ هیوایەکی پێ نییە، دەتوانین بە مردن ناوی بەرین، چونکە ئەو وەك مردن دووبارە دەبێتەوە، کوشتنی یادەوەری خوڵقاندنی ژیانە، ژیانیش دۆزینەوە و هاتنە ئارایە بۆ شوێنێکی نادیار کە هیواکان بۆی وێڵن، یادەوەری دێت هەموو ڕێگاکان دەکاتە (دیار) دەیەوێ (نادیار) پرۆژەیەکی سڕاوە بێت، بۆیە دەبێ شانۆکاری کورد ئەوە بزانێت کە یادەوەری لەو کارەدا گوناهبار نیە، چونکە ئەو تاریکی نەهێنایە ناو ئێمە، بەڵکو ئێمە خۆمان چووینە ناو تاریکستانەکان، بە مۆمێك نەچووین، هەر ئاوا چووین و ستایشی بەردەوام بوونیشمان کرد، ئەوە سەرەڕای ئەوەی ڕەزامەندیمان نیشاندا، ئەگەر ئەو ڕێگامان بدات ئێمە ڕازین بەوەی هەموو تەمەنمان لەنێو ژوورە تاریکەکانی ئەودا (بژین.. بخەوین.. زاوزێ بکەین.. بمرین) ئەوێك کە بۆچوونی ئێمە بەو جۆرە ببینێ، بۆچی ڕێگامان نادا هەموو ڕابردوو لەسەر هزرمان بنووسینەوە، ڕابردوویەك لەو تاریکیە ئەو نا ئێمە بڵێین "روناکی لێرە تاوانە" (29)

مانەوەی جەستە لەناو تاریکی کوشتنیەتی لەناو یادەوەری، چونکە یادەوەری نەیهێشتووە هەستەکانی ناوەوەی جەستە بێتە دەرەوە، بۆیە ئەکتەری کورد بەردەوام بووە بە ئامێرێکی لەکار کەوتوو، تەنیا بۆی هەیە بەپێی داواکاریەکان بدوێت و دەبێ هەموو ئەفسانەکانی ناوەوەی خۆشی دیلی نێو تاریکی بکات، ئەوەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە تاپۆکردنی جەستەیە لەلایان کۆمەڵگاوە، چونکە ئازاد کردنی جەستە.. ئازاد کردنی کۆمەڵگایە، کەواتە ئەرکی جەستە لای ئێمە چی بووە؟ جەستە توانای ئەوەی هەیە بە ژیارێکمان بگەیەنێ، بەڵام جەستەی ئێمە کۆتی نێو نەریتەکانی کۆمەڵگا بووە، لە کۆیلە بوون ڕزگاری نەبووە، ئامرازێکی مردوو بووە کە هیچ نرخی بۆ دانەنراوە، ئەوەش بەو ڕاستیەمان دەگەیەنێ کە جەستە نەخوێنراوەتەوە، ئەویش بۆ ئامادە نەبوونی پرۆژەیەکی مەعریفی دەگەڕێتەوە، کە نوێگەری خاسیەتەکانی هەڵگرتبێت، چونکە ئێمە هێندەی بەدوای ڕزگار بوون بووینە لە تەقلید، هێندە گرفتی نوێگەریمان نەبووە، نوێگەری سەرەتایەکی عەقلانیە بۆ خوێندنەوەی جەستە، بۆیە نەخوێندنەوەی جەستە نابێتە بڕیاردان لە مردنی، بەڵکو "دەشێت لە ساتەوەختە ڕاستەقینەکانی تازەگەریدا بێتەوە پێش" (30) نەهاتنی نوێگەری بۆ وون بوونی پرسیار دەگەڕێتەوە، چونکە قەیرانی پرسیار لە ڕۆشنبیری کوردیدا ئینتیما کردنە بۆ نێو مێگەل، پرسیار ڕەتکردنەوەی مێگەلە بۆ خوێندنەوە، خوێندنەوەش کەشف کردنی جەستەیە، بەڵام ئێمە لە مێگەل جیا نەبووینەتەوە، جیا نەبوونەوەش لە مێگەل (دواخستنی جەستە) یە بەو بیانووەی کە جەستە پرۆژەیەکی نەگونجاوە لەگەڵ کۆمەڵگادا، بۆیە "ئەگەر ڕەوشتی کۆمەڵایەتی هەمیشە ڕوو لە داپۆشینی لەش و قایمکردنی بێت لەپشت بەها ڕەوشت

ئامێزەکانەوە بەردەوام ویستبێتی جەستە بە جل داپۆشێ، ئەوا ڕەوشتی ڕۆشنبیریمان جەستەی بە ئایدیۆلۆژیا و ئاین داپۆشیووە" (31)

بۆیە ئەرکی جەستە لای کورد تاپۆکردنە لە ژیان و کوشتنیەتی لەدژی هەموو ئەو چالاکیانەی کە پێی هەڵدەستێ، بەوەش یادەوەری وێنەیەکی نەگۆڕی بۆی تۆمار کردووە، ئەوەش وێنەی سەدبارە بۆوەی مەرگە، بۆیە یادەوەری ئەو توانا و هێزە عەقڵیە ناجولێنێ بۆ گۆڕان، بەڵکو توانا عەقڵیەکان خانەی سڕن و پێویستیان بە ماددەیەکە کە بێت هەوڵی شڵەقاندنیان بدات، شانۆکاری کورد نەبووە بەو ماددەیە، بەڵکو بووە بە خانەیەك و ئەویش خۆی تەسلیمی دەسەڵاتی یادەوەری کردووە، بەچوونە ژێر باریش ئەویش هەر ئەو دۆزەخە دەبینین کە ئێستا لە ئارادایە. دەسەڵاتی یادەوەری لەکوێ دەچەسپێ؟ ئاخۆ مردن پەیوەندی بەو دەسەڵاتەوە هەیە؟ڕەوتی ئامادەبووی شانۆی ئێمە سیستمێکی عەقڵی لەپشتەوە نیە کە کاری پێ بکات بەرەو ئاسۆیەکی ڕۆشن، بۆیە لێڵی ڕێگاکان ئەوانیان کردۆتەوە بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، تا بەرەو ڕابردووش بگەڕێینەوە واتە بەرەو مردن بوار خۆش دەکەین، کەواتە گەڕانەوە بەرەو ڕابردوو ئاوڕدانەوە و باوەش کردنەوە و ئاشت بوونەوەیە لەگەڵ مردن، مردنیش کوشتنی چالاکیەکانە، واتە ئەوان لەگەڵ مەرگ ناکۆك نین، بەهەردووکیشیان دەسەڵاتێك درووست دەکەن کە (دەسەڵاتی یادەوەریی) ە، دەسەڵاتێکە ڕابردوو دەنووسێتەوە و داوامان لێ دەکات ئەو دەقە نووسراوەی یادەوەری بکەینە تاکتیکی کارەکانمان، ئەوەیە وامان لێ دەکات کە نەتوانین بەرەو سیستمێکی نوێگەر بڕۆین، چونکە دەسەڵاتی عەقڵانی نیە بمانباتە نێو پرۆژەیەکی نوێ، بەڵکو یادەوەری دێت زەمەنی عەقڵ دەکوژێت تا دەسەڵات بەخۆی بدات،بەوەش خۆی دەچەسپێنێ و پەیوەندی خۆی ڕێك دەخات، لەڕێگەی (مردن/ ڕابردوو) جەستەش لەوکاتەدا حەرام دەکات، بۆیە هاتنی دەسەڵاتی عەقڵ.. کوشتنی زەمەنی حەرامی جەستەیە، بۆ ڕەهابوون و کردنە هەڵمی زەمەنی مردن و ڕابردوو، ئەویش کوشتنی دەسەڵاتی یادەوەریە.

## نا ئامادەگی عەقڵ و ئینتیما نەکردن بۆ میتۆد

کەرەستەکان بەدرێژایی کارکردن هەمان کەرەستەی کارکردنی شانۆکاری دنیا بوونە، بەڵام بۆچی ئێمە لەگێژاوداین؟ ئەگەر فاکتەرەکانی شکست نەدوێنین ئەوا بەردەوام مۆرفینێکیتر لەخۆمان دەدەین و ئەوسا دێین درێژە بە کارەکان دەدەین، ئەوەش لەنێو ڕابردوودا ئەفیونمان دەکات، بۆیە دەبێ بپرسین: میتۆدەکان هەن، شانۆکار وەك بوونەوەرێکی زیندوو دەبینرێ، ئەی بۆچی هیچمان لەگەڵ میتۆدەکان پێ ناکرێت؟ دیارە ئەوەی تەنیا شکستی داوەتە شانۆکاری کورد ئەو خاڵە بنەڕەتییە کە لەپشت میتۆدەکانەوە عەقڵێك نەبووە کار بکات، لە تیۆرەکانەوە بدوێت هاوئاهەنگی خۆی و ترازانی لە زەمەنی جودابوون دەربخات، ئەوەش ئامادە نەبوونی عەقڵی شانۆکارە، بۆیە میتۆدەکانی لا دەبێت بە دەقی موقەددەس، بەموقەددەس ڕاگرتنی میتۆدەکان "ناتوانێ خاوەنی تیۆری خۆی بێت و ناتوانێت بە چەند تیۆرییەك جیهان بینی خۆی بۆ دنیا گەلاڵە بکات، ملکەچیی میکانیزمی ئەو بونیادە عەقڵییە یە کە بونیادێکی بەرهەم هێن نییە" (32) ئەوە گوتارێکی شکست خواردووی بکەری کارکردنە کە ناتوانێت لەنێو تیۆرەکان کار بکات بەمەبەستی دامەزراندنی تیۆرێکی نوێ، بەڵکو خۆی بەدەستیانەوە دەدات.. لەبری ئەوەی تیۆرەکان ملکەچی ئیرادەی ئەوبن، ئەو (شانۆکاری کورد) دێت لەبەردەم تیۆرەکان بەرێزەوە دەوەستێت، بەوەش نەیتوانیووە هەڵگری هیچ شوناسێك بێت، تەنیا کارەکتەرێکە لەو

دنیایە بەبێ شوناس دەسوڕێتەوە، چونکە ئێمە هەرگیز شانۆی کلاسیکیمان نەناسیووە، بەڵکو لەبەر سەرسامبوون نەمان توانی بیناسین بەوەی ئەوان تەوتەمێکی گەورەن و عەقڵی ئێمە توانای ناسینی ئەوانی نیە، هۆیەکەش بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە، ئێمە بۆخۆمان دەستەوەسان دانیشتووین لەبەردەم پرسیاری: ئێمە چیدەکەین لێرە؟ هەر بۆیە "عەقڵیەتێك نەتوانێت سرووشت و میکانیزمی ئیش کردنی خۆی ببینێت ئەستەمە لە میکانیزمی مێژوو بگات" (33)

میکانیزمی کارکردن، ئێستا لەنێو مێژوو دەردەکات بەوەی میتۆد لەچەمکی مێژوویی بگوازێتەوە بۆ ئێستا، بۆیە زەمەنی مێژوویی میتۆد ڕاڤەکاریەکی موقەددەسی بۆ کراوە، کە شایەنی دەسکاری کردن و گۆڕان نیە، بەڵکو زەمەنێکە دەبێت لەژێر سێبەری ئەودا ئێمە شانۆی تێدا نمایش بکەین، ئەو سیستمەی نمایش لەخۆ دەگرێت ناتوانێت زەمەنی ئێستای میتۆد بناسێت، بە نەناسینیش واتە هەموو بونیادەکان بە ناڕۆشنی دەمێنێتەوە، بەوەش شانۆکاری کورد بوونەوەرێکی مردووی نێو ئەو پانتاییە کە نەك شانۆ جاریێ خۆی ناناسێت، چونکە "شاردنەوەی ئەو ڕەگەزانە و ئاشکرا نەکردن و شی نەکردنەوەیان ڕێ لە گۆڕینی خودی ڕۆشنبیریمان دەگرێت و لێناگەڕێت ئەو خودە لە خودێکی نامەنهەجی و خورافی و غەیبییەوە، بۆ خودێکی عەقلانی کاریگەر و جەستەیەکی خاوەن پراکتیك بگوازێتەوە" (34)

بۆیە ئەو کارە نابێت بەوە لێکبدرێتەوە کە شانۆکاری کورد ئینتیمای بۆ میتۆد کردووە، ئینتیماکردن بۆ میتۆد دۆزینەوەی پرسیارە لەڕێگەی کوشتنی وەڵامدا، ئەوەیان پرۆژەیەکە نەخشەی کارکردنی ئێمەی لەهیچ کاتێکدا داگیر نەکردووە، بۆیە ئەوەی شانۆکاری کورد لەبەردەم میتۆد دەیکات ئینتیماکردن نیە بۆ میتۆد، بەڵکو تەسلیم بوونە.. تەسلیم بوونیش بۆخۆی بچووککردنەوەی خودە، کە خود لەو کارەدا توانای ئینتیما کردنی نیە، ئەو وێنەیەکی خورافی هەڵگرتووە لەبەرامبەر میتۆددا، بۆیە بۆ مانەوەی خۆی تەسلیمی دەسەڵاتی میتۆد دەبێت، تەسلیمبوونیش دیسان بێدەنگبوونە، ستایشە بە مەزنی، ئەو کاتە میتۆد لەکارکردنی شانۆکاری کورد "بوونی ئەبستیمی خۆی لەدەست داوە و بوونێکی ڕەوشتی پێدراوە" (35)

ئەوەش پەیوەستە بە بونیادەکانی دەرەوەی شانۆ، هاتوینەتە نێو ئەو قوتابخانەیە تا وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە و فێری چۆتیەتی ژیانمان دەکات، شانۆکاری کورد سەدەیەکی بەڕێکرد وایزانی ئەو پیرۆزە، چونکە خەڵکی فێری وانەی عەشق و خۆشەویستی وڵات دەکات، بەڵام شانۆی بۆ شتێ کوشت سەرەنجام نە عەشقی وتەوە نە خۆشەویستی وولات، چونکە شانۆکەی لەهەڵچوونی سۆزی ئەکتەر و بینەر دەرناچێت و لەگەڵ هەڵکردنی ڕوناکیەکانی ناو هۆڵ ئەو هەڵچوونەش دادەمرکێتەوە، بۆیە زەمەنی کارکردنی شانۆکاری کورد هەڵچوون تووشی ونبوونی پرسیاری عەقڵی کردووە "بەوەی شوێنی بە موحاکەمەی عەقڵی لێژ کردووە، ئایدیۆلۆژیا ئەبستمۆلۆژیای ئیدانە کردووە" (36)

کەواتە عەقڵی شانۆکاری کورد جۆرە غەیب بوونێکە لە بیرکردنەوە کە دەرگا لەسەر تێڕوانینەکانی خۆی دادەخات و ماوەی گفتوگۆ نادات، بەوەش خۆی وەك بوونەوەرێکی زیندوو دەسڕێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەو کارە بەوە ناوبەرین کە ئەوە (غەیب) ە هاتووە پێش (عەقڵ) کاری کردووە و شانۆکار خودێکی تامەزرۆ بووە بۆ شانۆ و ویستوویەتی هۆگری ئەو هونەرە بێت، ئەوا عەقڵ بۆخۆشی دواتر پەیوەندیەکانی خودی بەدەرەوە بەستۆتەوە، بەوەش چۆن لەهاتنی غەیب و کارنەکردنی خۆی ئەو بوونێکی سڕاوە بوو، لە پەیوەندی کردنی

خود بە بونیادە دەرەکییەکان بۆخۆی دێت ئەمجارە بوونی خۆی دەسڕێتەوە، بەوەش بوارێك بۆ کارکردنێکی غەیبانی عەقلآنیەت درووست دەکات و لە زەمەنێکدا دەمانسوڕێنێتەوە و بۆ دواجار پێمان دەڵێت کە سەدەی نویٚ نائومێد بوونە، درێژکراوەی یادەوەری سەدەی بیستەمە، شانۆی ئێمە بەردەوامی دەبێت و دەبێتە کەناڵی پەیوەندی نێوان دوو سەدە، هەر بۆیە میتۆدەکان لەبڕی ڕێگا دۆزینەوە بۆمان دەبنە درێژکراوەی شکستی کارکردن، میتۆدەکان گوتاری شکستی شانۆکاری کوردن، چونکە لەناو خۆ بەدەستەوەدان بە میتۆدەکان لەو ڕاستیە تاڵە دەگەین کە "هیچ فەلسەفەیەك نەبۆتە ئەبستیم، بەڵکو هەموو تیۆرییەکان کە دێن نەفی دروست کردنی سیستمێکی ئەبستمۆلۆژیای گشتی دەکەن" (37)

کەوابێ ئەو سەدەی بیست ویەکە بۆمان دەبێتە تەوتەمێکی موقەددەسکراو، لەهەر ساتەوەختێکدا گومانی کوشتنمان لێ ناکرێ، بەقەد ئەوەی فرێمان داتە دەرەوەی گەردوون، چونکە بەرلەوەی بیر لە کوشتنی ئێمە بکاتەوە مردووین، ئێمە لەبڕینی سەدەیەك و بەردەوامی سەدەیەکی نویٚ هەر لە کەنارەکان ماینەوە، نەمان توانی ڕووەو ناوەندی شانۆ بڕۆین، مانەوەمان لە کەنار مەترسیەکە بۆ مردن.. کە دەبێ چۆن خۆمان بدەینە دەست میتۆدەکان، ئاوهاش ملکەچ بکەین بەرامبەر بە ناوە نوێکان، چونکە "سیفەتی سەرەکیی زەمەنی ناوەند ئەوەیە کە دەیەوێ زەمەنێکی سەرتاسەر بێت تا هەموو زەمەنەکانی دیکە لەناو بازنە ئەفسوناوییەکەیدا بسوڕێنەوە" (38)

بۆیە هەرخۆ بەدەستەوە دانێکی کەنار بۆ ناوەند ناتوانێ هیچ شوناسێکی نویٚ بە ئێمە ببەخشێت، چونکە ئەوەی بەرهەمی دێنین لە چوارچێوەی کارەکانی ئەوەوە پراکتیزەی دەکەین، ئەوەش بۆ ئەو سەدەیە بەئاگامان دێنێتەوە، کە هەڵەی گەورەی کارکردنمان لەو سەدەیە لەوەدایە کە بەهەمان میکانیزمی پێشوو لە شانۆدا کار بکەین، کەوابێت چیبکەین تا لەکەنار دەربازمان بێت؟ ئەگەر لەو پرسیارە وورد بینەووە، دەبینین پرسیارێکە بۆتە پرسیارێکی لاسایی کارانە و سونەتی، بەڵام کارکردن بۆ وەڵامەکەی نەك زۆر نویٚ، بەڵکو بۆتە کاری خوڵقاندن و ئەفراندن، عەقڵێك لەپشت میتۆدەوە نەبووە، وا بە سانایش ناتوانێ بە ناوەند بگات، بەڵام دیسان پێویست ناکات بەو هەموو قۆناغە تێپەڕێ کە شانۆ لە خۆر ئاوا پێی تێپەڕیووە، ئێمە بۆ ئەوەی شانۆی تورەیی بناسین پێویست بەوە ناکات بێین زەمەنێکی درێژ بۆ ئەو شانۆیە تەرخان بکەین، بەڵکو پێویستە بنەماکانی بناسین و مۆرکی ئەزموونکاری لای ئۆزبۆرن و ئاردن بناسین، نەك بمانەوێ ببینە ئەوان، چونکە ئەوان بۆخۆیان هەن، ئێمە دەبێ کەسێکیتر بین و نابێ لەویش بچین، بەڵام ئەوەی گرنگە دەبێ کۆمەڵگا کۆتی پەیوەندیەکان نەبێت، چونکە بە کۆیلەبوونی تاك لەنێو نەریتە کۆمەڵایەتیەکان ناتوانێ کار بکات(39)

خۆرئاوا تا ئازاد نەبوو، نەبوو بە نوێگەر، ئازادی بۆخۆی نوێگەری نەهێنایە نێو بونیادە کۆمەڵایەتیەکان، لەوێوە هەوڵی ئەو پەیوەندیانەیدا لەڕێگەی پرۆسەی بە شانۆکردن، چونکە نوێگەری دەسکەوتێکی ئازادیە و بێئازادیش مرۆڤ چۆن دەتوانێت لە دامەزراوێکی مەدەنی وەك شانۆ کار بکات، هەر ئازادیش بوو شانۆی خۆرئاوای گەیاندە ناوەند و لە کەنار دەربازی کرد، بەوەی عەقڵێك لەپشت ئازادیەوە هەوڵی بە مەعریفەکردنی دەدا، بۆیە شانۆ لەخۆرئاوا لە کەنار نەبوو، بەڵام نەگەیشتبووە ناوەندیش، ئەو لەنێوان سەرکەوتن و دابەزیندا لە ململانێدا بوو، بەهۆی خۆدۆزینەوەی.. دۆزینەوە گەیاندیە ناوەند (40) هۆکاری سەرەکی بووە بۆ مانەوە بەڵام لە کەنار مانەوەی ئێمە .. مانەوەی کولتوری ئەو پاشخانەیە کە لەنێوان شانۆی خۆرئاوا لە ناوەند و

مانەوەی یادەوەری خۆی لە کەنار تووشی گرێیەکی سەختی کردووە، بۆیە هەر لەو ژن و مێردە ئیفلیجە دەکات کە منالّیان نابێت، داخۆ لە پەیوەندیەکی ئیفلیجی دوانەیەك چاوەڕوانی چی لە کەسی سێیەم دەکرێت، ئێمە لەنێوان ئەو دوانە تووشی گرێی شکست هاتووین کە قەیرانی ئیرادەیە لەبەردەم ئەو پەیوەندیە، چارەسەریش "تەنیا خوێندنەوەی ئاست و ناسنامە گۆڕدراوەکانی پراکتیك بە کاریگەریی زەمەنی ناوەند بەرەو ئەوەمان دەبات لە گرنگیی ئەزموون و تازەگەری تێبگەین وەك هەنگاوێکی پێچەوانەوە بۆ دەرچوون لە ناسنامە سەپێنراوەکان" (41)

کەواتە ئێمە دەتوانین ئینتیما بکەین یا بەرەو رووبان بوەستینەوە؟ ئێمە ئینتیما ناکەین بۆ خولّقاندن، بەلّکو بۆ خۆکوشتن وەری دەگرین، سەیریش نیە نکولّی لێ بکەین، چونکە ئەوە بەبەرهەمی عەقلّێك نازانین، بەلّکو پێمان وایە ئەوە کولتوری مرۆڤایەتیە، یا ئەوان کەسانی ئەفسانەیین و لەسەر زەوی نەژیاون، بەوەش دەمانەوێ دانمان پێدا بنرێت کە ئێمە کەسایەتیەکی ئامادەیین، ئامادەیی خۆرئاوا لەنێو بونیادی خۆیدا جیهانگەرایی پێ بەخشی، بەلاّم ئێمە نەمانتوانیووە شوناسێکی خۆر هەلاّتیانەش بەخۆمان ببەخشین. (42)

هەلّەکە لەکوێدایە؟ ئێمە شانۆمان لە مەعریفە دابڕیووە، زۆر درەنگ ئیدراکمان بە ئەبستراکتی مەعریفە کردووە لە شانۆدا، بۆیە دەبێ ئەو سەدە نوێیە سەدەی بە مەعریفەکردنی شانۆمان بێت، ناکرێ خۆرئاوا ڕەت بکەینەوە، بەلاّم ناشکرێ خۆمانی بەدەستەوە بدەین، خۆرئاوا تارماییەك نیە لەناوماندا، چونکە تارمایی بۆ دلّنیابوونە لەوەی لە تاوانی کوشتن نەترسین و نەبینە ژێر دەستەی، بەلّکو بەردەوام بین بۆ کەشف کردن، کەواتە خۆرئاوا نموونەی ئەزموونی بالاّ نیە، وەك چۆن کۆتایی ئەزموونیش نیە، بۆیە جیاکاری ئێمەی خۆرهەلاّتی لە ژیاریی خۆر ئاوا جیایە لەو ژیارەی خۆر هەلاّت "ڕۆژهەلاّت بۆ ئەوەی لە زەمەنی خۆیدا بژیایە دەبوایە زەمەنەکانی دیکە، بەلاّم ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی لە زەمەنی خۆیدا ئاسۆیەکی نوێ بدۆزێتەوە پێویستی بە بوونی زەمەنێکی لەخۆی دواکەوتووتر هەبوو" (43) ئەوەی دەبێ لێیەوە بێئاگا نەبین پەیوەندیە ژیاریەکانی هەریەك لەو دوانە بە ژیارێك خۆرئاوا بە تەکنەلۆژیا دەگەیەنێ، کە هەڕەشەی بۆ شانۆ هەبێت، بەلاّم (بروك) یێك وەك شانۆکارێکی جددی کاتێ مەترسی مردنی شانۆ هەست پێ دەکات پشت دەکاتە ئەو تەکنەلۆژیایە، بۆیە ئەو تاکتیکەی شانۆکاری کورد پەیڕەوی دەکرد بۆ دەقی خۆمالّی هەرگیز نەیتوانی و ناشتوانێ ببێ بە ڕێگر لەبەردەم داگیر نەکردنی کەنار لەلایان خۆرئاواوە، بەلّکو ئێمە دەبێ بزانین لە هاتندا چۆن ڕەفتار دەکەین، کەوایە "پێویست ناکات لە جان جینیێ و کامۆ و ئارتۆ و پیتەر برووك و ئیلیەت و سان جۆن بێرس و کافکا بترسین، هێندەی دەبێت لە (بونیادی شارستانی)، (بونیادی تەکنەلۆژی)، (بونیادی دیموکراسی)، (بونیادی عەلمانییەت)، (ڕووحانیەت)، (ئایرۆسییەت) ی ڕۆژئاوا بترسین کە ئەزموون زەوت دەکات و ڕۆژهەلاّت لەقۆناغە ئازاد و زەمەنە خۆرسکەکەی خۆی دەکاتە دەرێ و بەدروستکردنی سێبەرێکی شێواوی بونیادەکانی خۆی لە ڕۆژهەلاّتدا کارێك دەکات ڕۆژهەلاّت نەتوانێ لەدوای لیبرالّیەتی خۆی، عەلمانییەتی خۆی، ڕووحانییەت و ئایرۆسییەتی خۆیدا بگەڕێت" (44) دەبێت ئێمە ترسمان لەو بونیادانە هەبێت کە دەبنە پالّنەری هێزی دەرەکی تا (ناوەوە) مان داگیر بکەن، نەك ئەوانەی پێش ئێمە هاتوون دژی ئەو هێزە دەرەکیە بووەستنەوە، هەموو ئەمانە پەیوەستن بە نائامادەیی عەقلّ لەپرۆژەی کارکردندا، چونکە ئێمە بۆ ئەوەی ئەزموونی هاودژ بەرهەم بێنین، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا، بۆ ئەو سەرەتایەی کە کارمان لەتەك میتۆددا کردووە، بۆیە کاتێ دەمانەوێ لەژێر سێبەری میتۆدێك

**کەشێکی تۆقێنەر لامان درووست نەبێت، بۆیە میتۆد دەکەینە پەرستگا و کارمان بە گۆڕینی خاڵە نێگەتیڤەکانی ئەو تیۆرە نییە، ئەوەش میتۆدەکە وەك ئەزموونێك ناخوێنینەوە بۆ ئەزموونێکیتر، بەڵکو بە ئەزموونێکی کامل و نەگۆڕ تەماشای دەکەین، پیرۆزی ئەو ئەزموونە بۆ نەگۆڕان دەگەڕێنینەوە، چونکە پێمان وایە میتۆدەکان ئایدیۆلۆژیای داڕێژراون، بۆ ئەوە هاتوون ئێمە بەجێیان بگەیەنین، بەرنامەی ئامادە کراون و بۆ ئێمە نیە بەرنامەکان بگۆڕین، بۆیە لەگەڵ چوونە نێو میتۆدەکان کارمان بە عەقڵ نییە، هەربۆیە لەگەڵ خۆ بەدەستەوەدان بە میتۆد، عەقڵ فڕێ دەدەینە پەراوێزەوە، بۆیە لەو کاتەی بمانەوێ کار بۆ ئەزموونی هاودژ بکەین ئەفسوس نیە ئەگەر خەیاڵ لەتوانایدا بێت دیدگاکان ڕێك بخات بەو مەرجەی عەقڵ لەپشت ئەو کارەدا کۆنترۆڵی تێفکرینی ئێمە بێت.**

**کەواتە تێکشکاندنی سنورە وەهمیەکانی ئەزموون هەوڵدانێکی جدیە بۆ قوتاربوون لە کۆتایی مێژوو، بەوەی (کۆتایی سەدەی بیستەم.. کۆتایی مێژوو بێت) بۆیە ئەوەی پێویستمان پێیەتی ئینتیما کردنە بۆ تیۆرەکان، تا بتوانین تیۆرەکان بگۆڕین، وێنای ئەزموون و جیهانێکی نوێی لەسەر بکەین.**

# پەراوێز و سەرچاوەکان:

(1) **هونەرمەندی عەرەب (ئەحمەد سەخسووخ) لە ووتارێکدا بەناوی (فەلسەفەی شانۆی ئەزموونگەری) دەڵێ: تیۆری گۆڕان لای داروین سەرەتا پەڕیەوە نێو بواری پزیشکی لەسەر دەستی (کلۆد برناد) دواتر (مانیە و مۆنی) لەهونەری شێوەکاری بەکاریان هێناوە، (ئەمیل زۆلا) ش هێنایە ناو ئەدەبەوە، مجلە الکویت، العدد 84 سنە 1989**

(2) المسرح التجريبي في العراق/ سامي عبدالحميد- شفيق المهدي، افاق عربية العدد 3 اذار 1992

(3) **هەمان سەرچاوە**

(4) **ئەزموونی پەیدابوونی شانۆ بۆ میسریەکان دەگەڕێتەوە، سەرەتا شانۆی واقیعی و ڕۆمانسی ڕووبەرێکی گەورەی ئەو ئەزموونە گواستراوەی داگیر کرد، بۆیە نووسینەکانی (ماروون ئەلنەقاش و ئەحمەد شەوقی) کە دیارترین نووسەری شانۆکانی ئەو سەردەمە بوون کەوتنە بەر ئەو کاریگەریە، بەڵام دواتر بوونە خاوەنی چەندین نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەری دەرەوشاوە لەوانەش (فاتمە ڕوشدی، یوسف وەهبی، تولەیمات، یوسف ئەلحەکیم) بەو پێیەی عیراقیش لەپاڵ میسر بە شانۆ ئاشنا بووە، ئەگەرچی هەندێك لەتوێژەران پێیان وایە پێش میسریەکان عیراقیەکان شانۆیان ناسیووە، دیارە دیارترین شانۆکارانی عیراق لە سەرەتادا پێکهاتبوون لە (حەننا حەبەش، نەعوم ئەلسەنحار، محمد خاڵس حوممادی، حەقی ئەلشیبلی)**

(5) **بڕوانە ئەو چاوپێکەوتنەی هونەرمەند شەماڵ عومەر لەگەڵ ئەو هونەرمەندە سازی کردووە، لە: پاشکۆی عیراق، ژمارە (34) 1988/5/4**

(6) الحياة العدد 12984

(7) **هەمان سەرچاوە**

(8) **ئەوەش لەو پۆلین کاریە وەرگیراوە کە هەردوو شانۆکاری عیراقی سامی عەبدولحەمید و شەفیق ئەلمەهدی کردوویانە**

(9) المسرح التجريبي في العراق/ **هەمان سەرچاوەی پێشوو**

(10) بقعة ضوء.. بقعة ظل/ ياسين النصير، دار الشؤون الثقافية (بغداد) 1989

(11) **ناوبردنی ڕەسەنایەتی بەوەهم بەتایبەت لە قۆناغی هەشتاکان پەیوەندیی بەوە هەیە کە ڕەسەنایەتی کورت کراوەتەوە لەناو فۆلکلۆر و جل و بەرگی کوردی و حەیران و گۆرانی ئەوەش شوناسی کولتوری لە شانۆ دەسەنێتەوەو مۆزەخانەیەکی ئەتنۆگرافی بەرهەم هێنا.**

(12) **بەرەو شانۆیەکی ڕەسەن/ شەماڵ عومەر، شانۆکار ژمارە (1) بەهاری 2007، لا 31**

(13) **گوتاری تایبەتمەند بەرەنجامی گەڕان و پشکنینی تیۆری و پراکتتیکە دیارە شانۆی ئاهەنگسازی کوردی وەك ئەزمونێك و هەروەها**

پرۆژەی شانۆی ئەزموونگەری کوردی توانای بوونە گوتارێکی تایبەتمەندی نەبووە، بەڵام ئەو گوتارە لای شەماڵ عومەر لەئەزموونەکانی داهاتووی لەبەرەنجامی پشکنین و گەڕانەکانی توانی گوتار و خاسیەتی تایبەتمەند ڕابگەیەنێت لە ڕێگەی (لابۆری شانۆی لالش)، بۆ زیاتر شارەزابوون لە ئەزموونەکانی ئەم لابۆرە بڕوانە مەلەفێکی تایبەت لە گۆڤاری شانۆکار، ژمارە (1) ی بەهاری 2006

(14) شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەنموونە وەربگرین، ئەو شۆڕشە لەکاتی سەرکەوتنی دەرگای لەکۆمەڵە پرۆژەی شانۆیی داخست، ئەو ئەزموونانە دواتر بوونە خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆیان لە نەخشەی شانۆی ئەزموونگەری، دیارترینیان ئەزموونەکانی (تایرۆف، مایەرهۆڵد، ئەخلەبکۆف) بوون، بەتایبەت شانۆگەریەکانی مایەرهۆڵد سەرەتا شۆڕش دەرگای شانۆکەی داخست، هۆکارەکەش ئەوە بوو لە ئازادیدا فەوزایەك دەخوڵقێ کە ئەندامەکانی کۆمەڵ تێکەڵ دەبن، میلان کۆندێرا ووتەنی (هەندێ قۆناغ هەیە لەمێژوودا شاعیر و جەللاد دەست لەناو دەست تێیدا حوکم دەکەن)

(15) لەپێشەکی وەرگێڕانە عەرەبیەکەی کتێبی (کۆتایی مێژوو) ی فۆکۆیاما وەرگیراوە

(16) هەندێ کەسی ئەرشیفیستی بەناوی ڕەخنەوە پێیان وایە بەوەرگێڕانی ووتارێکی بیست ساڵ لەمەوبەر دەیسەلمێنن شانۆی ئەزموونگەری سنوری هەیە، ئەوان کە تازەترین سەرچاوەیان چارەگە سەدەیەك بەر لە ئێستا بێت نازانین وەڵامی چیان بدەینەوە، بۆیە هەقی خۆیانە گلەیی بکەن، بەڵام ئەگەر ئەوان لەناو تۆزی ڕۆژنامە کۆنەکانی ڕابردوو نەخنکاون بۆچی ئەو ڕەخنەگرانە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن شانۆی ئەزموونگەری سنوری هەیە، لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەو بارەیەوە نانووسن، بەڵام بە دڵنیاییەوە نووسینی زانستی کارێکە بەوان بەڕێوە نابردرێت، ڕەنگە بتوانن وەرگێڕانێکی سەقەت و سەرچاوەیەکی کۆن خۆیانی پێ دڵنیا بکەنەوە، لەدەرەوەی ئەوە توانای شتێکی تریان نیە.

(17) دریدا لە کتێبی (تارماییەکانی مارکس) مارکس بەسەر چەند تارماییەك دابەش دەکات، مەبەست تیایدا هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری کۆتایی مێژووی فۆکۆیامایە.

(18) اطياف ماركس/ جاك دريدا، ترجمة (منذر عياشي) حلب، الطبعة الاولى 1995

(19) هەمان سەرچاوە

(20) هەمان سەرچاوە

(21) مەنەلۆژە ناسراوەکەی هاملێت

(22) ماركس في جسد المكتوب/ د.منذر عياشي

(پێشەکی وەرگێڕانە عەرەبیەکەی دەقی تارماییەکانی مارکس)

(23) شانۆی توند و تیژی لەنێوان تیئۆر و پراکتیدا/ دانا ڕەووف، ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان/ 1988

(24) شانۆی توند و تیژی لەنێوان تیئۆر و پراکتیکدا/ دانا ڕەئووف، ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان/1988

(25) یادەوەری و زەمەن/ بەختیار عەلی، ڕەهەند ژمارە (6)ی 1998

(26) هەمان سەرچاوە

(27) لەبەشی داهاتووی ئەو کتێبە دێینە سەر ئەو ئەزموونەکانی ئەو قۆناغە کە خاسیەتە جیاوازەکانی لە ئەزموونی هەشتاکان چین

(28) یادەوەری و زەمەن/ بەختیار عەلی، ڕەهەند ژمارە (6) ی 1998

(29) کۆماری قەیرەکان، نووسینی: عەبدولستار ناسر، ئامادەکردن و وەرگێڕانی: نیهاد جامی، دەستنووس کۆماری قەیرەکان، نووسینی: عەبدولستار ناسر، ئامادەکردن و وەرگێڕانی: نیهاد جامی، دەستنووس

(30) لەش لەنێوان "دۆستی خاتوو چاتەرلی" و "میم" دا/ بەختیار عەلی، کاروان، ژمارە (1) خولی ڕاپەرین، 1992

(31) هەمان سەرچاوە

(32) سەرەتایەك دەربارەی غەیب بوونی عەقڵ/ بەختیار عەلی،پاشکۆی عیراق، ژمارە (137) لە 1990/5/16

(33) هەمان سەرچاوە

(34) زەینی نامەنهەجی و لێکدانەوەی خورافییانە/مەریوان وریا، پاشکۆی عیراق، ژمارە (126) لە 1990/2/28

(35) هەمان سەرچاوە

(36) هەمان سەرچاوە

(37) سەرەتایەك دەربارەی غەیب بوونی عەقڵ

(38) سەرەتایەك بۆ سۆسیۆلۆژیای ئەزموونگەری/ بەختیار عەلی، ئاسۆ، ژمارە (32) لە 1990/2/3

(39) کچ تا لە کۆمەڵگا ئازاد نەبێ و نەتوانێ بە ویستی خۆی ڕەفتار بکات، کارکردن لە نەریتی ڕۆشنبیری تەنیا دەبێ بە خەیاڵێك، ئەوێك کە کۆمەڵگا ڕێگای پێنەدا قژی بەدەرەوە بێت و پیاسە لەگەڵ کوڕێکی لێ حەرام بکات، ئەوسا دەبێ چۆن بتوانێ لە کارێکی شانۆییدا بەشدار بێت

و خۆی بۆ ئەو هونەرە تەرخان بکات و لە کۆمەڵگاش نەترسێ، بە ونبوونی ڕەگەزێکی مرۆییش شانۆ ئەو پەیوەندیە لەدەست دەدات کە بە دامەزراوێکی مەدەنی ناو ببرێت

(40) راپەرینی بەهاری نەوەت و یەك کەشێك و پرۆسەی ئازادی خوڵقاند، بەڵام عەقڵێك لەپشت نمایشەکانەوە نەبوو، بۆیە بە مەعریفە کردنی شانۆ، راپەرین دەیتوانی لە کەنار دەربازمان بکات، بەڵام نەبوونی عەقڵێك لەپشت نمایشەکانەوە

(41) سەرەتایەك بۆ سۆسیۆلۆژیای ئەزموونگەری

(42) وەك شانۆی (کابۆکی) و (نو) ی یابانی کە خاوەن شوناسی خۆرهەڵاتین و خۆرئاواش دانی بەو شوناسە ناوە

(43) سەرەتایەك بۆ سۆسیۆلۆژیای ئەزموونگەری

(44) هەمان سەرچاوە